وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی کۆیە

دیپلۆمی باڵا

پسپۆڕی وانەووتنەوە

# ڕێگاکانی وانەووتنەوی گشتی

مامۆستای وانەبێژ

د. جبار احمد عبدالرحمان

تایپ

شەماڵ ئازاد عبدالله

٢٠١١- ٢٠١٢ زاییینی

**وانەووتنەوە:**

بریتی یە لە کۆمەڵێك هەنگاوی یەك لە دوای یەك کە مامۆستا لە ژووری پۆلدا پێی هەڵدەستێت بە سوود وەرگرتن لە ئامرازە فێرکاری یەکان بۆ بەدەست هێنانی کۆمەڵێك ئامانجی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراودا.

**ڕێگای وانەووتنەوە:**

بریتی یە لە کۆمەڵێك هەنگاوی یەك لە دوای یەك کە مامۆستا لە ژووری پۆلدا پێی هەڵدەستێت بە سوود وەرگرتن لە ئامرازە فێرکاری یەکان بۆ بەدەست هێنانی کۆمەڵێك ئامانجی دیاریکراو لە کاتێکی دیاری کراودا و بەپێی میتۆدێکی دیاریکراو.

**ئاڕاستە:**

بریتی یە لە بیروڕایەك یان بۆچونێك یان حەزێك کە تەوژمێکی هەست و سۆزی لەگەڵدایە وە ڕەگ داکوتاوە لە مێشکی تاکدا وە بە ئەستەم گۆڕانکاری بەسەردا دێت، وە دوو جۆر ئاڕاستەمان هەیە ئەوانیش یان ئیجابین یان سلبین بەرامبەر دیاردەکانی سروشت.

**باو:**

ئەو دیاردەیە کە لە کۆنەوە هەبووە وە تا ئێستاش بوونی هەیە وە بەربڵاویشە.

**جیاوازی نێوان ئاڕاستەی باو بۆ وانەووتنەوە و ئاڕاستەی نویٚ بۆ وانەووتنەوە**

| ز | ئاڕاستەی باو بۆ وانەووتنەوە | ئاڕاستەی نویٚ بۆ وانەووتنەوە |
|---|---|---|
| ١ | ڕۆڵی فێرخواز: سلبی یە (واتە کاتێك فێرخواز بەشداری نەکرد لە وانەکە)<br>پ/ ئایا جۆرەکانی بەشداری کردن کامانەن کە دەکرێت فێرخواز ئەنجامی بدات؟<br>و/ گفتوگۆ، وەڵام دانەوەی پرسیاری مامۆستا، چالاکی، پرسیارکردن لە مامۆستا. | ڕۆڵی فێرخواز: ئیجابی یە (واتە کاتێك فێرخواز بەشداری کرد لە وانەکە) |
| ٢ | ڕێگای وانەووتنەوە: پشت دەبەستیٚ بە تەلقین (دەرس پێکردن) واتە کارلێك ڕوونادات لەنێوان مامۆستا و فێرخواز. | ڕێگای وانەووتنەوە: پشت دەبەستیٚ بە کارلێك لەنێوان مامۆستا و فێرخواز واتە کارلێك ڕوودەدات لەنێوان مامۆستا و فێرخواز. |
| ٣ | بەکارهێنانی زەبرو زەنگ لە لایەن مامۆستاوە.<br>پ/ ئایا جۆرەکانی زەبروزەنگ کامانەن کە | بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیروڕاکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی منداڵ، بەکارهێنانی زەبرو زەنگ |

| | | |
|---|---|---|
| | دەکرێت مامۆستا لە پۆلدا بەکاریان بێنێ؟<br>و/ ١. لێدانی جەستەیی ٢. ئازاردانی دەروونی وەك: جنێو، قسەی ناشیرن، ...هتد. | لەم سەردەمەدا باوی نەماوە. |
| ٤ | گرنگی دەدات بە گواستنەوەی کلتوری ڕۆشنبیری. | گواستنەوەی کلتوری ڕۆشنبیری گرنگە بەڵام پێویستە بە متمانە پێکردن و تێگەیشتن بێت نەك بەلەبەرکردن. |
| ٥ | گرنگی دەدات بە ئامادەکردنی فێرخواز بۆ ژیانی داهاتوو. | گرنگی دەدات بە ئامادەکردنی فێرخواز بۆ ژیانی ئێستا لەگەڵ فەرامۆش نەکردنی داهاتوو. |
| ٦ | منداڵ وا سەیردەکرێت کە پێکهاتووە لە لاشە و عەقڵ، وە عەقڵی منداڵ لاپەڕەیەکی سپی یە. | منداڵ (فێرخوان) لە لایەنە سەرەکی یەکانی کەسایەتی پێکهاتووە کە بریتین لە: ژیری، جەستەیی، سۆزداری، کۆمەڵایەتی، ڕۆحی. |

پ/ ئایا ستراتیجی و ڕێگای وانەووتنەوە کامیان فراوانترە؟

و// ستراتیجی فراوانترە، چونکە لە کۆمەڵە ڕێگایەك پێکهاتووە.

**جیاوازی نێوان زانیاری و زانین:**

| زانیاری (المعلومات) | زانین (المعرفة) |
|---|---|
| بونێکی سەربەخۆی هەیە لە دەرەوەی تاك | کاتێك زانیاری بوو بە بەشێك لە بونیاتی مەعریفی تاك، ئەوە زانینە |

**جیاوازی نێوان زانین و شارەزایی:**

| زانین (المعرفة) | شارەزایی (الخبرة) |
|---|---|
| زانین تیۆری یە | شارەزایی کرداری یە (پراکتیکی یە) |
| ئەگەری بیرچوونەوەی زیاترە | ئەگەری بیرچوونەوەی کەمترە |

## سیفەتەکانی مامۆستای سەرکەوتوو

١. **دەبێت کەسایەتی یەکەی پێشەنگ بێت لە ووتە و کرداردا:**

واتە قسەو کردارەکانی لە ئاستێکی بەرزدا بێت وە قسەو کرداری وەك یەك بێت .

پ/ ئایا چی ڕوودەدات ئەگەر ووتە و کرداری مامۆستا وەك یەك نەبێت؟

و// بێ متمانەیی دروست ئەبێ لای خوینکار و لەوانەیە بە ووتە ڕاستەکانیشی متمانە نەکرێ .

پ/ پێشەنگ واتای چی یە؟

و// واتا کەسێکە لە شوێنێکە خەڵك چاوی لێ دەکات وە پێشەنگە بۆ خوێندکار .

٢. **ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی بکات (مراعات الفروق الفردية):**

پ/ جیاوازی تاکایەتی چی یە؟

و// واتە خوێندکارەکان (مرۆڤەکان) جیاوازن لە یەکتر، وە ئەو جۆرە جیاوازی یە کاردەکاتە سەر: ئاستی زیرەکی خوێندکارەکان، یادەوەری .

٣. **سیفەتی یەکسانی و دادپەروەری تێدابێت:**

یەکسانی:

بەیەك چاو سەیری هەموو خوێندکارەکان بکرێت و جیاوازی لە نێوانیاندا نەکرێ، وە هیچ جیاوازی یەك نەکرێ لە نێوانیان بەهۆی هەر سیفەتێکەوە کە تیایاندایە تەنها لە ڕووی ئاستی ئەکادیمی یەوە نەبێ .

دادپەروەری:

واتە هەر کەسە بە پێی مافی خۆی مافی بدرێتێ .

٤. **گەشبین بێت بە پیشکەی خۆی کە مامۆستایی یە**

٥. **ڕێزی کات بگرێت:**

واتە مامۆستا لەکاتی خۆی بێتە ژوورەوە وە لەکاتی خۆی بەپێی ئەو کاتەی بۆی دانراوە وانەکە تەواو بکات، ئەوا ڕێزی لەکات گرتووە بەڵام ئەگەر پلانی نەبێ ئەوا ڕێزی لەکات نەگرتووە .

٦. **شارەزابێت لە پەروەردە و دەروونزانی و ڕێگاكانی وانەووتنەوە:**

پێویستە مامۆستا شارەزایی وەربگرێ لەو سێ بوارە، ڕێگاكانی وانەووتنەوە هۆكارێكە بۆ گەیاندنی زانیاری بۆ فێرخوازەكان بۆیە دەبێ هونەری گەیاندنت هەبێ . وە دەروونزانی بەسوودە بۆئەوەی لە كێشەی خوێندكار تێبگەی و بتوانی چارەسەری بكەی . ئەم سێ شتە (پەروەردە، دەروونزانی، ڕێگاكانی وانەووتنەوە) وەردەگیرێ (بەدەست دێت) لە پەیمانگای مامۆستایان یان لە فەكەڵتی پەروەردە یان لە ئینستیوتی دبلۆمی باڵا .

٧. **پسپۆر بێت لەبوارەكەی خۆی**

٨. **گرنگی بدات بە پلان دانان و ئامانجەكان**

٩. **مەوهیبە (بەهرە)ی هەبێ:**

بەهرە هەندێكی خۆڕسكە واتە لە مرۆڤدا هەر لە منداڵی یەوە هەیە، بەڵام زانستی نوێ دەریخستووە كە هەندێ بەهرە دەكرێ بە ڕاهێنان و پەرەپێدانەوە دروست ببێ .

١٠. **شێوازی خۆگۆڕین و جلوبەرگی گونجاو بێت:**

واتە جلوبەرگی پاك و خاوێن بێت، وە جلەكانی سەرنج ڕاكێش نەبێ كە سەرنجی قوتابی یەكان لەسەر وانەكە نەمێنێ وە بگونجێ لەگەڵ جلەبەرگی كۆمەڵگە .

١١. **جێگیر بێت لەسەر یاساكانی (بڕیارەكانی) خۆی:**

مامۆستا دەبێ لە وانەی یەكەمەوە بڕیار و ڕێنمایی یەكانی خۆی ڕابگەیەنێ بۆ خوێندكارەكان وە لەوە گرنگتر ئەوەیە كە جێگیر بێت لەسەر بڕیارەكانی .

١٢. **پەیوەندی گونجاو هەبێ لەنێوان خۆی و فێرخوازەكاندا:**

بوونی كارلێك لە نێوان مامۆستاو فێرخواز زۆر گرنگە، چونكە گەر كارلێك هەبوو ئەوا مامۆستا دەبەخشێ و فێریش دەبێ وە فێرخوازیش دەبەخشێ و فێردەبێ، واتە گەر كارلێك هەبوو ئەوا پەیوەندی گونجاو هەیە لەنێوان مامۆستا و فێرخوازدا .

# پێکهێنەرە بنچینەیی یەکانی وانەووتنەوەی سەرکەوتوو

١. بوونی پلان

٢. بوونی ڕێککاری (هەرکەسێك ئەرك و مافی خۆی بزانیٚ):

واتە ڕێکخستنی کاتی لێدوان و قسەکردن، واتە کاتێك تۆ قسە دەکەی پێویستە فێرخوازەکان گویٚ بگرن وە کاتێك ئەوان قسە دەکەن دەبیٚ تۆ گویٚ بگری، ئەگەر وانەبیٚ پۆلەکە دەبێتە ژاوەژاو و کەس لە کەس ناگات .

٣. بەکارهێنانی نوێکاری یە پەروەردەیی یەکان

وەك داتاشۆ، کۆمپیوتەر،...هتد، بەلاٚم مەرج نی یە هەموو کاتیٚ بەکاربیٚ .

٤. بەکارهێنانی ڕێگا یان ستراتیجی گونجاو لەگەڵ هەڵوێستی فێرکاریدا:

هەڵوێستی فێرکاری:

بریتی یە لە کاتێکی دیاریکراو لە شوێنێکی دیاریکراو (ناوپۆل) کە مامۆستا دەی ڕەخسێنیٚ بۆ فێرخوازەکانی بە بەکارهێنانی هەندیٚ ئاسانکاری پەروەردەیی یان چالاکی بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای فێرخوازەکان .

دەبیٚ ڕەچاوی کۆمەڵێك هەلومەرج بکریٚ بۆ ئەوەی بزانین ئەو ڕێگایە گونجاوە یان نا وەك:

١. جۆری ئەو بابەتەی کە دەیلێتەوە

٢. ئایا تیۆری یە یان پراکتیکی یە؟

٣. ئایا ئامرازە فێرکاری‌یەکانی لەبەردەستدا هەیە؟

٤. شێوازی ڕیزکردنی کورسی یەکان

٥. ئایا لەگەڵ تەمەن و ئاستی فێرخوازەکان دەگونجیٚ؟

٦. ئایا مامۆستاکە کۆنترۆڵی ئەو ڕێگەیەی کردووە؟

٥. مامۆستایەکی ئامادەکراو لەڕووی پیشەیی و زانستی یەوە:

لە ڕێگەی شوێنی ئەکادیمی (زانکۆ یان پەیمانگا) وە یان لە ڕێگەی خولەوە مامۆستا ئامادەدەکریٚ لەڕووی پیشەیی یەوە، وە لە ڕووی زانستی یەوە مامۆستا لە زانکۆ ئامادەدەکریٚ .

٦. ئەنجام دانی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون

پ/ ئایا هەڵسەنگاندن پێویستە لەلایەن مامۆستاوە ئەنجام بدرێ؟

و// بەڵێ، بۆ ئەوەی مامۆستا بزانێ ئامانجەکانی هاتۆتە دی .

پ/ ئایا تۆ لەژێر ڕووناکی چیدا هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدەی؟

و// لەژێر ڕووناکی ئامانجدا هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدەی .

پ/ ئایا هەڵسەنگاندن ئەرکێکە (واجب) لەسەر شانی مامۆستا؟

و// بەڵێ .

**جیاوازی نێوان فێربوون و فێرکردن:**

| فێربوون | فێرکردن |
|---|---|
| لەلایەن فێرخوازەوە ئەنجام دەدرێ | لەلایەن فێرکارەوە ئەنجام دەدرێ |
| پرۆسەیەکی ناوەکی یە | پرۆسەیەکی دەرەکی یە |

**فێربوون:**

بریتی یە لە گۆڕانی ڕەفتار بەمەرجێك تا ڕادەیەك جێگیر و بەردەوام بێت .

**ڕەفتار:**

بریتی یە لەهەر زیندەچالاکی یەك کە زیندەوەر ئەنجامی بدات، وەك: بیرکردنەوە، پێکەنین، گریان، خۆشەویستی، ڕق لێبوونەوە، دڵخۆشی، دڵناخۆشی،...هتد .

**فێرکردن:**

بریتی یە لە هەوڵدانی ئەنجام دانی گۆڕانکاری لە ڕەفتاری تاکدا .

**جیاوازی نێوان فێرکردن و وانەووتنەوە:**

| ز | فێرکردن (التعليم) (INSTRUCTION) | وانەووتنەوە (التدريس) (TEACHING) |
|---|---|---|
| ١ | سەرچاوەکانی زۆرن وەك (کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، کتێب، مامۆستا،...هتد) | سەرچاوەکەی مامۆستایە (مامۆستا ئەنجامی دەدات) |
| ٢ | فێرکردن گشتگیرترە | وانەووتنەوە بەشێکە لە فێرکردن |
| ٣ | دەکرێ فەرمی بێ یان نا | تەنها فەرمی یە |
| ٤ | ئەگەری ڕوودانی کارلێك کەمترە | ئەگەری ڕوودانی کارلێك زیاترە (چونکە لەنێوان مامۆستا و فێرخوازدا ڕوودەدات) |

پ/ ئایا کامیان (فێرکردن یان وانەووتنەوە) تەنها لە ژووری پۆل و خوێندنگە ئەنجام دەدرێ؟

و// وانەووتنەوە تەنها لە ژووری پۆل و خوێندنگە ئەنجام دەدرێ .

پ/ ئایا لە کامیان (فێرکردن یان وانەووتنەوە) ئەگەری زیاتر هەیە ببێتە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون؟

و// وانەووتنەوە ئەگەری زیاترە ببێتە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون، چونکە لە وانەووتنەوە کارلێك ڕوودەدات لەنێوان فێرخواز و مامۆستا وە پرسیار و وەڵام دروست دەبێ .

## پلاندانان (التخطیط)

پ/ ئایا پلاندانان چی یە؟

و// **پلاندانان:**

بریتی یە لە کۆمەڵێك هەنگاوی یەك لەدوای یەك کە لە کاتێکی دیاریکراودا جێبەجێ دەکرێ بەسوود وەرگرتن لە ئامراز و هۆکارەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان .

پ/ ئایا پێکهێنەرەکانی پلان چین؟

و// ١. هەنگاوی یەك لەدوای یەك ٢. کات ٣. هۆکار و ئامراز ٤. ئامانج

پ/ ئایا جۆرەکانی پلان چین؟

و// ١. پلانی ڕۆژانە ٢. پلانی مانگانە ٣. پلانی ساڵانە (وەرزی)

پ/ ئایا یەکەمجار بە کام جۆری پلان دەست پێ دەکەی؟

و// یەکەمجار بە پلانی ساڵانە دەست پێ دەکەی .

پ/ پلانی ساڵانە چی یە؟

و// **پلانی ساڵانە:**

بریتی یە لە دابەشکردنی ئەو بابەتەی کە پێویستە لە ساڵێکی خوێندندا بووترێتەوە بەسەر کۆی بەشەوانەکانی بابەتەکە لە ماوەی ساڵەکەدا بە لێدەرکردنی پشووەکان .

**بەشەوانە:**

ژمارەی ئەو وانانەیە کە هەتە لە هەفتەیەکدا .

**ساڵی خوێندن (السنة الدراسية):**

**بریتی یە لە سەرەتای دەستپێکی دەوامی فەرمی خوێندن تا کۆتایی هاتنی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ .**

## هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پلانی ڕۆژانە:

**بۆئەوەی پلان دابڕێژی پێویستت بە خۆئامادەکردنە، کە ئەویش دوو جۆرە:**

**١- خۆئامادەکردنی عەقڵی:**

**خۆئامادەکردنە لەڕووی عەقڵی و نەفسی یەوە، وە خەت دانە لەژێر شتە گرنگەکان (چەمکەکان) وە هەندێ جار پێویستە سەرچاوەی تریش بخوێنیتەوە.**

**٢- خۆئامادەکردن بە نووسینەوەی پلانەکە:**

**هەندێ لایەنی هونەری هەن کە بوون بە نەریت کە بنەڕەتیشن وە پێویستە هەبن کە ئەمانەن:**

| | |
|---|---|
| **ڕۆژ و بەروار** | **بۆ نموونە: پێنج شەممە ١٥/ ١٢/ ٢٠١١** |
| **کاتی وانەکە** | **بۆ نموونە: وانەی یەکەم** |
| **پۆل و لق** | **بۆ نموونە: حەوتەمی بنەڕەتی/ ب** |
| **ناوی بابەت** | **بۆ نموونە: جوگرافیا** |

**ئەم چوار خاڵە زۆر گرنگن کە هەبن لە پلان لەبەر ئەم دوو خاڵەی خوارەوە:**

**١- بۆ ئەوەی پۆلەکانت لێ تێکەڵ نەبێ**

**٢- بۆ پشکنین**

**ناونیشانی بابەت** **بۆ نموونە: ئاوو هەوای هەرێمی کوردستان/ باران بارین**

**ئامانجی گشتی وانەکە** **بۆ نموونە: ئاشناکردنی فێرخوازەکان بەڕێژەی باران بارین لە هەرێمی کوردستان بە پێی وەرزەکانی ساڵ و بەپێی شوێنی جوگرافی و بەرزی و نزمی لە ئاستی ڕووی دەریاوە .**

**ئامانجە ڕەفتاری یەکان (الاهداف السلوكية):**

**سێ جۆر ئامانجی ڕەفتاری هەیە:**

**١- ئامانجە مەعریفی یەکان: واتە کۆمەڵێك ئامانج دادەڕێژی کەتیایدا فێرخواز ئاشنا دەکەی بە مایکرۆسکۆب (بۆ نموونە) لە ڕووی تیۆری یەوە.**

٢- ئامانجە سۆزداری یەکان: واتە تۆ وا لەو فێرخوازە دەکەی کە ڕێز لەو زانایە بگرێ کە ئەو ئامێرەی داهێناوە وە زانستی لا خۆشەویست بکەی.

٣- ئامانجە دەروون جوڵەیی یەکان: واتە ئەگەر تۆ وات لەو فێرخوازە کرد کە بتوانێ ئەم ئامێرە بەکاربێنێ (لایەنی کارامەیی).

پ/ ئایا لە کاتی فێربوونی مایکرۆسکۆب لە خوێندنگاکانی ئێمە بایەخ بەکام جۆری ئامانجە ڕەفتاری یەکان دەدرێت؟

و// ئامانجە مەعریفی یەکان.

لایەنی سۆزداری ئەمانە دەگرێتەوە:

١- دروست کردنی بەها

٢- دروست کردنی حەز و ئارەزوو

٣- دروست کردنی ئاڕاستەی گونجاو

## ئامانجە مەعریفی یەکان:

زانا (بلۆم) لەساڵی ١٩٥٦ ئامانجە مەعریفی یەکانی پۆلێن کردووە بۆ شەش ئاست:

١- بیرکردنەوە:

لەم ئاستەدا فێرخواز بابەتەکەی وەك خۆی بیردێتەوە، ئەمە نزمترین ئاستە.

٢- تێگەیشتن:

لەم ئاستەدا فێرخواز لە بابەتەکە تێگەیشتووە پاشان لە دەستەواژەی خۆی (کە هەمان مانا ببەخشێ) دایدەڕێژێتەوە بەڵام بەمەرجێك لەڕووی زانستی یەوە ماناکەی نەگۆڕێ.

٣- جێبەجێ کردن:

لەم ئاستەدا فێرخواز ئەو زانیاری یەی کە فێری بووە وە تێی گەیشتووە جێبەجێ دەکات لە هەڵوێستێکی نوێدا. بۆ نموونە: یاسایەکی وانەی بیرکاری جێبەجێ بکەی لەسەر نموونەیەکی تر کە لەپۆل باس نەکراوە.

٤- شیکردنەوە:

لەم ئاستەدا فێرخواز دەتوانێ بابەتەکە شی بکاتەوە بۆ ئەو پێکهێنەرانەی کەلێی پێکهاتووە.

بۆ نموونە: پرسیار لە فێرخواز دەکەی بەراورد بکا لە نێوان شەڕی چاڵدێران و شەڕی واتەرلۆ، بۆیە فێرخواز دەبێ سەرەتا هەردوو شەڕەکە شی بکاتەوە پاشان بەراورد بکا لە نێوانیان وە خاڵە لێکچووەکانیش بدۆزێتەوە بەو مەرجەی ئەو بەراوردە لە کتێبەکە نەبێ.

٥- پێكهێنان:

ئەم ئاستە واتە داهێنانی شتێك كەلە پێشتر نەبووبێ واتە دەبێ بابەتەكە بیری لێ بكاتەوە وە تێشی بگا وە جێبەجێشی بكا ئینجا دەتوانێ پێكی بهێنێ. بۆ نموونە: بەفێرخواز دەڵێی داڕشتنێك بنووسە دەربارەی گەرم بوونی زەوی بەو مەرجەی كە فێرخواز ئەو بابەتەی پێ نەوترابێ لە پۆل بە ڕاستەوخۆ بۆیە فێرخواز هەموو ئەو بابەتانە و شارەزایە یەی كە هەیەتی لەو بابەتە شتێكی نوێی لێ پێكدێنێ.

٦- هەڵسەنگاندن (داهێنان):

واتە ڕەخنەگرتن لە بابەتێك كە پڕۆسەیەكی زانستی یە پشت دەبەستێ بە كۆمەڵێ پێودانگی ناوەكی و دەرەكی.

لەم ئاستەدا ڕەخنەی زانستی ئاڕاستەی فێرخواز دەكرێ واتە دەرخستنی لایەنە باش و خراپەكانی فێرخواز.

بۆ نموونە: مامۆستا بە فێرخواز دەڵێ هەڵسەنگاندن ئەنجام بدە بۆ ئەو كارانەی ناپلیۆن لە ژیانیدا ئەنجامی داوە.

زۆر جار دەووترێ ڕەخنەگرتن بیركردنەوەیەكی داهێنەرانەیە بۆیە دەستەواژەی (داهێنان)یش بۆ هەڵسەنگاندن دانراوە.




*دەبێت فێرخواز ڕێژەی باران بارین لە وەرزی پایزدا لە ناوچە شاخاویی یەكانی هەرێمدا دەست نیشان بكات..

پ/ ئایا ئەم داواكراوە دەكەوێتە چ ئاستێك؟

و// ئاستی بیركردنەوە، چونكە ئەم بابەتە خۆی لە كتێبدا هەیە.

*دەبێت فێرخواز تێکڕای باران بارین لە هەرێمی کوردستاندا لە هەر چوار وەرزی ساڵدا لە ناوچە زورگەکاندا دەست نیشان بکات.

پ/ ئایا ئەم داواکراوە دەکەوێتە چ ئاستێك؟
و// ئاستی پێکهێنان.

## هۆکارە فێرکاری یەکان:

کتێب، تەباشیر و تەختەڕەش، ماجیك و وایت بۆرد، تەنی بەرجەستە، سلاید، مایکرۆسکۆب، کۆمپیوتەر، کتێبی زانستی، ئامرازە جۆراوجۆرەکان، سامپڵەکان، گەشتی زانستی، نەخشە و هێڵکاری یەکان، وێنەو فۆتۆو تابلۆ، کێرڤ، ئۆڤەر هێد، سلاید نیشاندەر، سینەمای پەروەردەیی، تەلەفیزیۆن، ڤیدیۆ و CD، تاقیگەی دەنگ، ئیزگەی خوێندنگە، پێشانگا فێرکاری یەکان، ئینتەرنێت،...هتد.

## پێشەکی وانەکە: (٣- ٥) خولەك

لە پێشەکی وانەکەدا مامۆستا دەست پێدەکات بە پرسیارێکی سەرنج ڕاکێش یان چیرۆکێکی زانستی یان پرسیار لە وانەی پێشوو یان تاقیکردنەوەیەکی لەپڕ یان شتی تر.
دەبێت دوو ئامانج بپێکێت:

١- ئامادەکردنی فێرخوازەکە وە سەرەنج ڕاکێشانیان بۆ چوونە ناو بابەتی نوێ.
٢- زانینی بڕی زانیاری یەکانی لەوەوپێشیان وە هەڵسەنگاندنیان.

پ/ بۆچی پێویستە سەرەنجی فێرخوازەکان ڕابکێشرێت؟
و// لەبەرئەوەی لەوانەیە پێش ئەم وانەیە لە وانەیەکی تر بووبێ یان لە شوێنێکی تر بووبێ بۆیە پێویستە مامۆستا سەرەنجیان ڕابکێشێت.

پ/ سودی ئەوە چی یە کە زانیاریەکانی لەوەو پێشی فێرخواز بزانیت؟
و// ١_ بۆ هەڵسەنگاندن
٢_ بۆ بەستنەوەی بابەتە کۆنەکە بە بابەتی نوێوە
٣_ بۆ بەبیرهێنانەوەی خاڵە گرنگ و سەرەکیەکانی پیشوو
٤_ بە هەڵە تێگەیشتنت بۆ دەردەکەوێ ئەگەر ڕوویدابێت لەوانەی پیشوودا
٥_ لەبەر ئەوەی هەموو زانیاریەکی نوێ بنیات دەنرێ لەسەر زانیاریەکانی لەوەو پێشی

**پانتایی وانەكە (كرۆك): (٢٠) خولەك**

**تیایدا بە بەكارهێنانی میتۆدی وانەووتنەوەی گونجاو هەوڵ ئەدرێ فێربوونی بابەتەكە لای فێرخوازەكان بهێنرێتەدی بە بەكارهینانی ڕێگای وانەووتنەوەی گونجاو ، وە باشتر وایە پرسیارو وەڵامی تێدابێ وە پێشبینی ئەو پرسیارانە بكرێت كە لە پۆلدا لە فێرخوازەكان بكرێت، هەروەها پێشبینی وەڵامی نموونەیی بكرێت كە چاوەڕوان دەكرێت فێر خوازەكان بیدەنەوە، لەگەڵ باسكردنی جۆری ئەو چالاكی یانەی كە مامۆستا بەنیازە لە پانتایی وانەكەدا ئەنجامی بدات جا ئایا چالاكی فێركاری بێت یان چالاكی فێربوونی.**

***پانتایی وانەكە زۆرترین كاتی وانەكە دەبات.**

- **ڕێگای وانەووتنەوەی گونجاو:**

**پ/ چۆن بزانین ئەو ڕێگایە گونجاوە بۆ وانەووتنەوە؟**

**و// دەكەوێتە سەر كۆمەڵێ هۆكار:**

**١- جۆری بابەتەكە: واتە ئایا (بیركاری، مێژوو، جوگرافیا، بایۆلۆجی، ...)یە.**

**٢- قۆناغ و تەمەن: هەندێ ڕێگا هەیە زۆرتر گونجاوە لەگەڵ تەمەنی منداڵ وە هەندێ ڕێگای تر هەیە لەگەڵ تەمەنی زانكۆدا گونجاوە وە هەروەها.**

**٣- كاتی وانەكە (درێژی ماوەی وانەكە)**

**٤- ژمارەی فێرخواز: هەندێ ڕێگا هەیە لەگەڵ ژمارەی كەمی فێرخواز دەگونجێ وە هەندێ ڕێگای تر هەیە بە پێچەوانەوەیە.**

**٥- جۆری دانانی كورسی یەكان**

**٦- ئایا بابەتەكە تیۆری یە یان پراكتیكی یە**

- **پرسیار و وەڵام:**

**پ/ ئایا كێ ئەو پرسیارانە دەكات؟**

**و// مامۆستا پرسیار دەكات و فێرخوازەكان وەڵامی دەدەنەوە.**

**پ/ ئایا پلان پێش چوونەناو وانەكە دەنووسرێ یان دوای چوونەناو وانەكە؟**

**و// پێش چوونە ناو وانەكە پلان دەنووسرێ، وە دەبێت لەناو پلان پێشنیار هەبێ وە لاستیكی بێ .**

**پ/ ئایا لە یەك وانەدا یەك ڕێگای وانەووتنەوە بەكاردێنی؟**

**و// مەرج نی یە یەك ڕێگا بەكاربێ .**

- **چالاکی فێرکاری– چالاکی فێربوون**

**پ/ چالاکی فێرکاری چی یە؟**

**و// چالاکی فێرکاری:** بریتی یە لەو چالاکی یانەی کە مامۆستا ئەنجامی دەدات، وەکو شیکردنەوەی دێڕێك شیعر یان نموونە هێنانەوە .

**پ/ چالاکی فێربوونی چی یە؟**

**و//چالاکی فێربوونی:** ئەو چالاکی یانەن کە فێرخوازەکان ئەنجامی دەدەن بەمەبەستی فێربوونیان، وەکو وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی مامۆستا یان لەوانەیە هەندێ لەو چالاکی یانە لە دەرەوەی خوێندنگە ئەنجام بدرێت وەکو نووسینی ڕاپۆرت و سیمینار یان ئامادەکردنی نەخشە .

## پێکەوەبەستن (الربط): (٥) خولەك

تیایدا مامۆستا پێکەوەبەستن ئەنجام دەدات لە یەکێ لەم بارانەدا:

١– پێکەوەبەستنی ئەو بیرۆکانەی کەلە ناو خودی وانەکە باس کراون .

٢– پێکەوەبەستنی وانەکەی ئێستا بە وانەکانی پێشووەوە .

٣– پێکەوەبەستنی وانەکەی ئێستا بە وانەکانی داهاتووەوە .

٤– پێکەوەبەستن بەژیانی ڕۆژانەوە .

پ/ ئایا پێکەوەبەستن لە پێشەکی وانەکەدا هەیە؟ ئەگەر هەبێ جیاوازی چی یە لەگەڵ ئەم پێك بەستنە؟

و// بەڵێ ، ئەو پێکبەستنەی کە لە پێشەکیدا هەیە تەنها پێکەوەبەستنی ئەم وانەیەیە بە وانەی پێشووەوە، بەلأم لەم پێکبەستنە ئەم وانەیە پێك دەبەسترێتەوە بەهەموو وانەکانی پێشتر کە خوێندراوە.

## هەڵهێنجان (الاستنباط):

تیایدا خاڵە سەرەکی یەکان بەبیر دەهێنرێتەوە یان دووبارە دەکرێتەوە یان تیشکی دەخرێتەسەر یان ئەگەر یاسایەك بوو، ئەوا یاساکە بەڕوون و ئاشکرایی دەخرێتەڕوو .

## جێ بەجێ کردن (التطبیق):

تەنها لەو بابەتانە دەکرێ کە ڕێسا و یاسای تێدایە، کە تیایدا فێرخوازەکان ئەوەی فێری بوون جێ بەجێی دەکەن بەسەر هەڵوێستێکی نوێدا، وەك وانەی بیرکاری، کیمیا، فیزیا، ڕێزمانەکان .

**هەڵسەنگاندن (التقويم):**

واتە تۆ هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدەی بۆ خودی ئە بابەتەی کە باست کردووە لەو ڕۆژەدا، کە دوو جۆرە:

١- **هەڵسەنگاندنی بونیادی:** ئەو هەڵسەنگاندنەیە کەبە درێژایی وانەکە ڕوودەدات .

٢- **هەڵسەنگاندنی کۆتایی (کۆکەرەوە):** ئەو هەڵسەنگاندنەیە لە کۆتایی وانەکە ئەنجام دەدرێ بە شێوەی کیوس (quise) یان هەر شێوەیەکی تر .

**ئەرکی ماڵەوە:**

پێدانی ئەرکێکە بە فێرخوازەکان کەلە دەرەوەی دەوامی فەرمی ئەنجامی دەدەن .

پ/ سوودی ئەرکی ماڵەوە چی یە؟

و// بۆ ئەوەی ئەرك و چالاکی یەکانی ماڵەوە تەواوکەری ئەرك و چالاکی یەکانی خوێندنگە بێت، ئەوە ئامانجی سەرەکی

ئەرکی ماڵەوەیە .

*مەرج نی یە لەهەموو وانەیەك هەموو ئەو خالأنە هەبن کە باسمان کرد .

## هەندێك ڕێگای باو بۆ وانەووتنەوە:

## ڕێگای وانەبێژی (طريقة المحاضرة: الألقائية) Lecture:

ئەم ڕێگایە یەکێکە لە ڕێگا کۆنەکان کەلە زۆر کۆنەوە بەکارهاتووە .

(چەق، سەنتەر): مامۆستایە

**سەنتەر:**

واتە کەسێك کە ڕۆڵی سەرەکی ببینێ لە وانەووتنەوە، وە ئەنجامدانی چالاکی بەهەموو جۆرە چالاکییەکانەوە کە چالاکی زمانەوانی بن یان عەقڵی بن یان چالاکی پراکتیکی بن . وە بوون بەسەنتەر واتە بەڕێوەبردنی وانەکە لەلایەن کەسی سەنتەرەوە (مامۆستا، فێرخواز) .

پ/ ئایا ئاستی بەشداری کردن لەلایەن فێرخوازەوە لەم ڕێگەیەدا چۆنە؟

و// ئەرکی فێرخواز لەم ڕێگەیەدا تەنها گوێ گرتنە، واتە ئاستی بەشداری کردن لەوپەڕی نزمیدایە . کە ئێمە لێرەدا باسی ڕێگای وانەبێژی دەکەین وەکو خۆی بێ هیچ چالاکی یەك .

پ/ ئایا ئەرکی مامۆستا چی یە لەم ڕێگەیەدا؟

و// ١- ئامادەکردنی بابەتەکان بەشێوەی پلانێك کە لەوەوپێش داینراوە .

٢- ووتنەوەی بابەتەکە لە پۆلدا .

پ/ ئایا ئەرکی فێرخواز چی یە لەم ڕێگەیەدا؟

و// بە باشی گوێ گرتن لە ووتەکانی مامۆستا، وە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەو بابەتانەی کە مامۆستا باسی دەکات .

## لایەنە باشەکانی ئەم ڕێگایە:

١- دەگونجێت لەگەڵ ئەو پۆلانەدا کە ژمارەی زۆری فێرخوازی تێدایە .

٢- مامۆستا دەتوانێت لەکاتێکی کەمدا بڕێکی زۆر لە بابەت و زانیاری پێشکەش بکات .

٣- لەم ڕێگایەدا پێویست بە تاقیگە و ئامراز و تەکنەلۆجیای زۆر پێشکەوتوو ناکات، واتە لەڕووی تێچوونەوە ڕێگایەکی ئابوری یە .

٤- ئەم ڕێگایە توانا بە مامۆستا دەبەخشێ بەشێوەیەکی باشتر کۆنتڕۆڵی پۆلەکەی بکات، وە هەروەها یارمەتی بەڕێوەبردنی پۆل دەدات بەشێوەیەکی باشتر .


٥- ئەم ڕێگایە گونجاوە بۆ ووتنەوەی هەندێ بابەت، بۆ نموونە بابەتە تیۆرییەکان وە هەندێ لە بابەتە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان .

## لایەنە خراپەکانی ئەم ڕێگایە:

١- ئەگەری خەیاڵ ڕۆیشتن وە نەمانی بەئاگابوون و سەرەنج دان لای فێرخواز هەیە، کە ئەمەش دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن لای فێرخواز .

پ/ چ کاتێك ئەگەری خەیاڵ ڕۆیشتنی فێرخواز زیاد دەکات؟

و// تا کاتی وانەکە درێژتر بێت ئەگەری خەیاڵ ڕۆیشتنی فێرخوازان زیاتر دەبێت .




(پەیوەندی کات بەڕێژەی بەئاگایی)

٢- لەگەڵ بابەتە پراکتیکی یەکاندا ناگونجێ .

٣- بەهۆی بوار نەدان بە پرسیارکردنی فێرخوازەکان لەوانەیە بەهەڵە تێگەیشتن ڕووبدات .

٤- ئاستی بەشداریکردنی فێرخوازەکان کەم دەبێتەوە کە ئەوەش ڕۆڵی فێرخوازەکان دەکات بەڕۆڵێکی سلبی .

٥- دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی هەستەوەرە بەکارهێنراوەکان (تا هەستەوەرەکان زیاتر بەکاربهێنرێ ئاستی تێگەیشتن بەرزتر دەبێ) .

پ/ ئایا چۆن ڕێگای وانەبێژی باشتر بکرێ؟

و// ١- تێکەڵاوکردنی گفتوگۆ و پرسیارکردن لەگەڵ ئەم ڕێگایەدا .

٢- بەکارهێنانی ئامرازە فێرکاری یەکان لەگەڵ وێنەی ڕوون کردنەوە .

٣- گۆڕینی تۆنی دەنگ بەپێی پێویست .

٤- باشتر وایە بەکارهێنانی ڕێگەی وانەبێژی لە ٢٥٪ کاتی وانەکە زیاتر تێنەپەڕێ .

## خستنەڕووی کردەیی (العرض) :Demonstration

پ/ ئایا ئەم ڕێگایە لەگەڵ چ جۆرە بابەتێکدا گونجاوترە؟

و// لەگەڵ بابەتە زانستی یەکاندا زیاتر گونجاوترە، وە ئەو بابەتانەی تیایدا تاقیکردنەوەیەکی پراکتیکی هەیە کە پێویستە پێشکەش بکرێ . بۆ نموونە: شی بوونەوەی ئاو، سوتاندن پێویستی بە ئۆکسجینە .

### ئەرکی مامۆستا:

١- ئامادەکردنی پێداویستی یەکانی تاقیکردنەوەکە .

٢- ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە پێش ئەوەی لەپۆل ئەنجامی بدات بۆ دڵنیابوون لە دەرئەنجامەکان .

٣- ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە لەناو پۆلدا لەپێش چاوی فێرخوازەکاندا .

٤- دڵنیابوون لە بینینی هەموو فێرخوازەکان بۆ تاقیکردنەوەکە .

٥- دڵنیابوون لە سەلامەتی فێرخوازەکان لەکاتی تاقیکردنەوەکەدا .

٦- دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکە ئەگەر پێویست بوو لەلایەن مامۆستا خۆی یان لەلایەن یەکێك لە فێرخوازەکانەوە .

### ئەرکی فێرخواز:

١- سەرەنج دان و تێبینی کردنی تاقیکردنەوەکە لەکاتی ئەنجامدانی .

٢- کردنی هەر پرسیارێك یان ڕوونکردنەوەیەك کە هەبێت لەسەر تاقیکردنەوەکە .

٣- دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکە ئەگەر داوای لێکرا لەلایەن مامۆستاوە .

### لایەنە باشەکانی ئەم ڕێگایە:

١- دەبێتەهۆی باشتر تێگەیشتنی بابەتە پراکتیکییەکان .

٢- بەکارهێنانی هەستەوەری زیاتر لەکاتی فێربووندا .

٣- فێرخواز فێری ئەوە دەبێت کە ئەو بابەتانەی بە تیۆری دەیان خوێنێت جێبەجێکردنی پراکتیکیشیان هەیە .

## لایەنە خراپەکانی ئەم ڕێگایە:

١- لەگەڵ زۆری ژمارەی فێرخواز ناگونجێ .

٢- ئەم ڕێگایە پێویستی بە ئامراز و بەئامێر هەیە کە لەوانەیە لە هەندێ لە خوێندنگاکاندا دەستەبەر نەبێ .

**پ/ ئایا دەکرێت ئەم ڕێگایە لەگەڵ بابەتی دیکەش بەکاربێت؟**

و// بەڵێ ، بۆ نموونە لەگەڵ بابەتی مێژوو دەتوانی ڕووداوی شەڕێکی مێژوویی دروست بکەی لەسەر ڕووبەرێکی فراوان و نمایشی بکەی بەم ڕێگایە، وە لە بابەتی جوگرافیا چۆن بەنداوێك ئاو گل بداتەوە، وە لە بابەتەکانی تریش...هتد .

## ڕێگای پرسیار و وەڵام (طريقة الأستجواب) Questioner:


**پ/ لەم ڕێگەیەدا کێ پرسیار دەکات؟**

و// هەردووکیان (مامۆستا، فێرخواز) پرسیار دەکەن، وە هەردووکیشیان وەڵام دەدەنەوە .

## جۆرەکانی پەیوەندی (هاوپەیوەندی، پێکگەیاندن) (أنواع الاتصال):


**١- هاوپەیوەندی تاك ئاڕاستە (الاتصال وحيد الاتجاه) One Way Communication:**

لەم جۆری پەیوەندی یە ئاڕاستەکە لە مامۆستاوەیە بۆ فێرخواز . وەك: **ڕێگای وانەبێژی**





**٢- هاوپەیوەندی جووت ئاڕاستە (الاتصال ثناني الاتجاه) Two Way Communication:**

لەم جۆرەدا پەیوەندی یە ئاڕاستەکە لە مامۆستاوە بۆ فێرخوازە وە بە پێچەوانەشەوە (لە فێرخوازەوە بۆ مامۆستایە)، وە لەنێوان چەند فێرخوازێك ڕوودەدات . وەك: **ڕێگای پرسیار و وەڵام**



**٣- هاوپەیوەندی فرە ئاڕاستە (الاتصال متعدد الاتجاه) :Multi Way Communication**

**وەك: فێربوون بە هەرەوەزی**




**پ/ حیکمەت چییە لەوەی فێرخوازێك دەستی بەرز کردۆتەوە و مامۆستا هەڵی دەستێنیٚ؟**

**و// مامۆستا کە هەڵی دەستێنیٚ واتە گرنگی پێدەدات کە ئەمەش جۆرێکی لە پاداشت، وە هەروەها جۆرێکیشە لە هەڵسەنگاندن بۆ زانینی ئاستیان .**

**پ/ حیکمەت چییە لەوەی فێرخوازێك دەستی بەرز نەکردۆتەوە و مامۆستا هەڵی دەستێنیٚ؟**

**و// بۆ ئەوەی ئەوانیش هەوڵ بدەن، وە هەروەها جۆرێکیشە لە هەڵسەنگاندن وە بۆ ئەوەی بەئاگا بن .**

*** لە ڕێگای ئەم پرسیار و وەڵامەوە بۆت دەردەکەویٚ کە ئایا فێرخوازەکان بەهەڵە تێگەیشتوون یان نا .**

*** لە پرسیاردا عادەتەن تەحەدای تێدایە بۆ مێشکی بەرامبەر .**

**پ/ سودەکانی پرسیارکردن چین؟**

**و// ١- بۆ هەڵسەنگاندنی فێرخواز بۆ زانینی ئاستیان .**

**٢-بۆ بەئاگابوونی فێرخوازەکان .**

**٣-جگە لەوەی تەحەدا دروست دەکات، هاندەری بیرکردنەوەشە .**

**پ/ چۆن هانی فێرخوازەکان دەدەی لەسەر ئەوەی پرسیار بکەن، وە وەڵامی پرسیار بدەنەوە؟**

**و// ١- بە بەکارهێنانی ووشەی هاندەر وەك (ئافەرین، دەست خۆش، بژی) .**

**٢-وەستاندنی وانەکە وە ڕووکردنە ئەو کەسەی کە پرسیار دەکات .**

## گەردەلوولی مێشك (العصف الذهبي) Brain Stormy:

### جۆرەکانی پرسیار :

١- **پرسیاری کۆتایی کراوە:** چەندین وەلأم لەخۆ دەگرێت .

٢- **پرسیاری کۆتایی داخراو:** تەنها یەك وەلأم لەخۆ دەگرێت .

پ/ ئایا ئەو ووشە پرسانە کامانەن کەلە پرسیاری کۆتایی کراوە، وە پرسیاری کۆتایی داخراو بەکاردێن؟

و// 

| پرسیاری کۆتایی کراوە | پرسیاری کۆتایی داخراو |
| --- | --- |
| بۆ؟ بۆچی؟ لەبەرچی؟ چۆن؟ چی؟ ئایا؟ | کوێ؟ کەی؟ چەند؟ ئایا؟ |

* لە گەردەلوولی مێشك پرسیاری کۆتایی کراوە دەکرێ کە چەندین وەلأم لەخۆ دەگرێ، وە بەم جۆرە پرسیارە دەووترێت هاندەری بیرکردنەوە .

پ/ کێ ئەم جۆرە پرسیارە دێنێتە ناو پۆلەوە؟

و// مامۆستا .

پ/ گرنگترین شت لەم ڕێگایەدا چییە؟

و// گرنگترین شت کۆکردنەوەی زۆرترین وەلأمە لەلایەن فێرخوازەکانەوە .

پ/ ئەم ڕێگایە لەگەڵ چ تەمەنێك باشترە بەکاربێ ؟

و// لەگەڵ تەمەنی قۆناغی ئامادەیی باشترە بەکاربێ .

*دەبێت ئەو پرسیارەی کە دەهێنرێت پەیوەندیدار بێت بەبابەتی خوێندراوەوە، وە ئەو وەلأمەی کەلە لایەن فێرخوازەکانەوە دەدرێتەوە مامۆستا لەسەر بۆردەکە دەینوسێ .

ئەم ڕێگایە دەتوانرێ بکرێتە سەرەتایەك بۆ ڕێگایەکی تر کەپێی دەووترێت (چارەسەری کێشە) .

### لایەنە خراپەکانی ئەم ڕێگایە:

١- لەگەڵ تەمەنی بچووکدا بەکارنایەت .

٢- کاتێکی زۆری دەوێ .

٣- لەوانەیە بەهەڵە تێگەیشتن هەندێ جار ڕووبدات .

## ڕێگای گفتوگۆ (المناقشة:الحوار) :Discussion

پ/ ئایا لەم ڕێگایەدا چ جۆرە پرسیارێك دێتە ناو پۆلەوە؟

و//پرسیاری کۆتایی کراوە، کە لەلایەن مامۆستاوە دێتە ناو پۆلەوە .

*لەم ڕێگایەدا دەتوانرێ بازنەکە فراوانتر بکرێ کە گفتوگۆکردن لەنێوان مامۆستا و چەند فێرخوازێك دەکرێ .

### بنەماکانی گفتوگۆ کردن :

١- کاتی دەست نیشان کراو بۆ فێرخوازەکان بۆ قسەکردن کە وەڵامی پرسیارێکی دیاریکراو دەدەنەوە ، وە چۆن کاتەکە دابەش دەکەین ؟، وە کێ قسە بکات ؟، ئەگەر گفتوگۆکە بەشێوەی بازنەیی ئەنجام درا پێویستە کات بۆ هەموویان تەرخان بکرێت ، وە بە یەکسانی بەسەریاندا دابەش بکرێ .

٢- دەبێت گفتوگۆکە بەشێوەیەکی ئەکادیمی ئەنجام بدرێت دوور لە هەڵچوون و تێکەڵاوکردنی لایەنی سۆزداری .

٣- ڕێزگرتنی ڕای بەرامبەر ، ئەگەر هاوڕابوو یان هاوڕانەبوو لەگەڵ ڕاکەی خۆتدا .

پ/ ئایا لە گفتوگۆکردن ڕای جیاواز پەسەند دەکرێ .

و// ڕای جیاواز پەسەند دەکرێ مادام لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی بەرامبەر پێشکەش دەکرێ .

*جیاوازی (اختلاف) دەکرێ پەسەن بکرێ لەناو گفتوگۆدا ، بەڵام ناکۆکی (خلاف) پەسەند ناکرێ لەناو گفتوگۆدا ، چونکە عادەتەن لە ناکۆکی ڕق و کینی تیا دروست دەبێت .

٤- ڕاکان پەسەند دەکرێن بەبوونی بەڵگەی زانستی .

٥- گوێ ڕادەگیرێ لەو کەسەی بەڵگەی زانستی بەهێزتری پێیە لەکاتی یەکلاکردنەوەی ڕاکاندا .

٦- پێویستە گفتوگۆکە بەشێوەیەکی هێمنانە ئەنجام بدرێت بەبێ دەنگ بەرزکردنەوە .

٧- دەرنەچوون لە تەوەری گفتوگۆکە ، چونکە مەیلێکی زۆر هەیە لای ئەو کەسانەی کە گفتوگۆ دەکەن دەربچن لە تەوەری گفتوگۆکە .

٨- گواستنەوە ڕوونادات لە تەوەرەڕێکەوە بۆ یەکێکی دیکە تا یەکلایی نەکرێتەوە ، واتە کاتێك تەوەرێك بەجێ دێڵی کە لای فێرخوازەکان ڕوون بوبێتەوە وە هیچ جۆرە لێڵی یان تەم و مژاوی تیا نەمابێ ، وە ڕاکان یەکلایی کرابێتەوە .

پ/ بۆچی لە تەوەری گفتوگۆ لادەدرێت ؟

و// لەبەرئەوەی لەوانەیە : ١- بەڵگەی پێ نەبێ ٢- شارەزایی نەبێ ٣- فێری بنەماکانی گفتوگۆ نەبووبێ

پ/ ئایا تۆ وەکو مامۆستایەك چی دەکەیت بۆ ئەوەی لە تەوەری گفتوگۆکە لانەدرێت ؟

و// ١- پێویستە مامۆستا شارەزایی تەواوی هەبێ دەربارەی ئەو بابەتەی گفتوگۆی لەسەر دەکرێ .

٢-پێویستە مامۆستا لەسەرەتاوە چوارچێوەی بابەتەکەی دیاری کردبێ وە بە فێرخوازەکان بڵێ لەو چوارچێوەیە دەرنەچن .

٣-ئەگەر فێرخوازێك دەرچوو لە بابەتەکە پێویستە لەلایەن مامۆستاوە ڕێی پێنەدرێت وە بهێنرێتەوە ناو بابەتەکە .

## هەندێك تێبینی بۆ چۆنیەتی پیادەکردنی ڕێگای گفتوگۆ :

پ/ ئایا تەوەری گفتوگۆ لەلایەن کێوە دەهێنرێت ؟

و// لەلایەن مامۆستا و فێرخوازەوە دەهێنرێ .

پ/ ئایا تەوەری گفتوگۆ پەیوەندیدارە بەو بابەتەی کە باس دەکرێ ؟ وە ئایا لە پەیڕەوی خوێندندا هەیە ؟

و// بەڵێ ، تەوەری سەرەکی گفتوگۆکە پەیوەندیدارە بە بابەتی خوێندراوەوە ، وە لە پەیڕەو و پڕۆگرامی خوێندندا هەیە .

١- تەوەری گفتوگۆکە دەکرێت لەلایەن مامۆستا یان فێرخوازەوە بهێنرێت بەمەرجێك پەیوەندی بە بابەتی خوێندنەوە هەبێ وە لەناو چوارچێوەی پەیڕەو و پڕۆگرامی خوێندندا هەبێ .

٢- فێرکردنی فێرخوازەکان بۆ بنەماکانی گفتوگۆ .

٣- شێوەی دانیشتن دەکرێت بەشێوەی نیمچەبازنەیی یان بازنەیی بێت .

٤- دەکرێت تەوەری گفتوگۆکە لە وانەی پێشوودا یان هەفتەیەك لەوەوپێش بە فێرخوازەکان ووترابێت بۆئەوەی خۆیانی بۆ ئامادە بکەن .

٥- مامۆستا دەتوانێت گفتوگۆی فێرخوازەکان وەکو چالاکی بۆیان هەژمار بکات و نمرەی لەسەر دابنێت .

## لایەنە باشەکانی ڕێگای گفتوگۆ :

١- فێرکردنی فێرخوازەکان بۆ بنەماکانی گفتوگۆکردن ، کە دەکرێت لەژیانی ئەکادیمی و لەژیانی ڕۆژانەیدا سوودی لێ وەربگرێت .

٢- فێرکردنی فێرخواز بۆ ئازایەتی ڕادەربڕین وە دوورکەوتنەوە لە ترس و شەرم و دڵەڕاوکێ لەکاتی دەربڕیندا .

٣- بەشداری پێکردنی سەرجەم فێرخوازەکان بۆ دەربڕینی ڕاکانیان .

٤- هانی فێرخوازەکان دەدات بۆ بیرکردنەوە ، کە ئەمە یەکێکە لە ئامانجە سەردەمییەکانی وانەووتنەوە.

٥- ڕۆڵی فێرخواز لە کەسێکی سلبییەوە دەگۆڕێ بۆ کەسێکی ئیجابی .

٦- لەم ڕێگایەدا تا ڕادەیەکی زۆر فێرخواز دەبێت بە تەوەری وانەووتنەوە ، کە ئەمە یەکێکە لە ئامانجەکانی وانەووتنەوە .

٧- وا لە فێرخوازەکان دەکات متمانەی زیاتری بەخۆی هەبێ .

٨- دەبێتەهۆی باشترکردنی پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخواز .

## لایەنە خراپەکانی ڕێگای گفتوگۆ :

١- کاتێکی زۆر دەخایەنێت وە تیایدا مامۆستا فریا ناکەوێت بابەتێکی زۆر بەم ڕێگەیە بڵێتەوە .

٢- هەندێ جار ئەگەری هەیە لە تەوەری گفتوگۆکە دەرچوون ڕووبدات وە دووربکەونەوە لەو بابەتەی کە بڕیارە گفتوگۆی لەسەر بکرێ .

٣- لەوانەیە ببێتە هۆی لەدەست دانی کۆنترۆڵ لەلایەن مامۆستاوە وە ببێتەهۆی دروست بوونی دەنگە دەنگ و ژاوەژاو ، بەتایبەتی ئەگەر فێرخوازەکان فێری بنەماکانی گفتوگۆ نەکرابن .

٤- لەگەڵ ژمارەی زۆری فێرخوازدا ناگونجێ .

٥- ئەم ڕێگایە بەکارهێنانی لەگەڵ منداڵی زۆر بچوکدا تا ڕادەیەك دژوارە .

٦- ئەم ڕێگایە بۆ ووتنەوەی هەموو جۆرە بابەتەکان دەست نادات .

٧- پێویستی بە شێوازێکی دیاریکراوی کورسییەکان هەیە ، ئەگەر کورسییەکان جێگیر بێت تا ڕادەیەك ئەنجام دانی گرانتر دەبێ .

٨- لەوانەیە بەهەڵە تێگەیشتن لای فێرخوازەکان ڕووبدات ، چونکە لەوانەیە بەهەڵە لەلایەن فێرخوازەوە پێشکەش بکرێ ئەگەر لەلایەن مامۆستاوە ڕاست نەکرێتەوە .

## ئەرکی مامۆستا :

١- دەست نیشان کردنی تەوەری گفتوگۆکە یان بڕیاردان لەسەری ئەگەر لەلایەن فێرخواەوە هێنرابێ .

٢- دانانی پلانێکی تۆکمە بۆ ئەنجام دانی گفتوگۆکە .

٣- بەڕێوەبردنی کات و گفتوگۆکە .

٤- سەرپەرشتی کردن و ئاڕاستەکردن و هەڵسەنگاندنی فێرخوازەکان لەکاتی پێویستدا .

٥- کۆنترۆڵ کردنی بابەتەکە لەڕووی زانستی یەوە .

## ئەرکی فێرخواز :

١- ئامادەکردنی ئەو بابەتەی لەلایەن مامۆستاوە پێی دەسپێردرێ کە بابەتی گفتوگۆکەیە .

٢- پابەند بوون بە بنەماکانی گفتوگۆکردن .

## ڕێگای پڕۆژە (المشروع) :Project

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ڕێگایە دەگەڕێتەوە بۆ وولاّتە ڕۆژئاوایی یەکان وە تا ڕادەیەکیش یەکێتی سۆڤیەتی جاران .

ئەم ڕێگایە بریتییە لە پلانێکی تۆکمە کە دادەڕێژرێت بۆ جێبەجێ کردنی بیرۆکەیەك یان چەند بیرۆکەیەکی دیاریکراو ئەویش بە دابین کردنی پێداویستی یەکان وە نەخشە دانان بۆ ئەنجام دانی هەنگاوەکان بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی لەبەردەستدایە لە ماوەیەکی دیاری کراودا ، بە پاڵپشتی لایەنی ئابوری و کەرەستەی پێویست وە هێز و توانا مرۆیی یەکان جێبەجێ دەکرێت .

### پێکنەرەکانی پڕۆژە :

- پلانێکی تۆکمە
- بیرۆکە
- پێداویستی یەکان (ماددی "ئابوری ، کەرەستە ، ...." ، مرۆیی )
- ماوە
- لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەبەر دەستدایە (واقع)
- ئەنجام دان

*پێداویستی یەکان ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە پلانەکە بە نیازیت لە داهاتوو دابینی بکەی .

*لەبەرئەوەی لەناو پلانەکە ئامانج هەیە بۆیە لە پێکنەرەکان باسی نەکراوە .

*ئەگەر بتوانیت ئەم پێناسەیە و ئەم پێکنەرانە جێبەجێ بکەی لەناو پۆلدا بۆ ووتنەوەی بابەتێکی دیاریکراو ئەوا ڕێگای پرۆژەت بەکارهێناوە .

پ/ ئایا لەگەڵ چ جۆرە بابەتێکدا دەگونجێ ؟

و// لەگەڵ بابەتە زانستییەکان و ئەندازیاری و تەلارسازی و پزیشکی و کۆمەڵناسی و جوگرافیا و پەروەردەی ئیسلامی و کشتوکاڵ دەگونجێ .

*دەبێت ناونیشانی پرۆژەکە بگونجێ لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتی خوێندراو یان یەکێك بێت لە پێداویستییەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەیەکی دیاریکراو .

## چۆنیەتی وانەووتنەوە بەم ڕێگایە :

### ١- دیاریکردنی ناونیشانی پرۆژەکە :

#### مەرجەکانی ناونیشانی پرۆژە :

١- دەبێت ناونیشانی پرۆژەکە بگونجێ لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتی خوێندراو .

٢- دەبێت جێبەجێ کردنی پرۆژەکە لەسەر زەمینەی ڕاستەقینە (أرض الواقع) شتێکی ئەستەم نەبێ .

٣- پێداویستییەکانی پرۆژەکە بتوانرێ دابین بکرێ ، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی لەبەر دەستدایە وە پاڵپشتی کردنی ماددی و مەعنەوی .

نموونە : ئەگەر بتەوێ کێڵگەیەکی کشتوکاڵی لە قوتابخانە دروست بکەی ، بەڵام ئەو شوێنەی قوتابخانەکەی لێیە ناوچەیەکی شاخاوی زۆر سەختە و زەوی کشتوکاڵی تێدا نییە ، بۆیە تۆ ئەوەت لەبەر چاو نەگرتووە کە ئەوە نەگونجاوە ، بۆیە هەر لە بنچینەوە پرۆژەکە لەبار براوە .

٤- دەبێت کاتی ئەنجام دانی پرۆژەکە بگونجێت لەگەڵ ئەو کاتەی لەبەر دەستدایە .

٥- دەبێت مامۆستاکە خۆی پسپۆڕی هەبێ لە ئەنجام دانی پرۆژەکە وە کۆنترۆڵی بابەتەکەی کردبێت .

٦- دەبێت پرۆژەکە بگونجێ لەگەڵ تواناکانی فێرخوازەکاندا .

**٢- دابەش کردنی فێرخوازەکان بەسەر گروپی کار :**

**هەر گروپێك بەلایەنی کەمەوە نزیکەی ( ٣- ٥ ) فێرخوازی تێدابێت .**

**گروپەکانی کار :**

**١- گروپی لایەنی تیۆری و زانیارییەکان :**

**کاری ئەم گروپە بریتییە لە شارەزابوون لەڕووی تیۆری سەبارەت بە بابەتەکە وە دابین کردنی سەرچاوە و زانیاری پێویست لەهەموو ڕویەکەوە سەبارەت بە پڕۆژەکە .**

**٢- گروپی دابین کردنی پێداویستییە ماددی یەکان :**

**وەکو لایەنی کەرەستەی پێویست وە ئامرازی گونجاو بۆ ئەنجام دانی پڕۆژەکە .**

**٣- گروپی ئەنجام دانی پڕۆژەکە لەسەر زەمینەی ڕاستەقینە :**

**ئەم گروپە هەڵدەستن بە بونیاد نانی پڕۆژەکە بۆ یەکەم جار .**

**٤- گروپی بەڕێوەبردنی ڕۆژانەی پڕۆژەکە :**

**کاری ئەم گروپە بریتییە لە ئەنجام دانی پێداویستی یەکانی پڕۆژەکە بەشێوەیەکی ڕۆژانە .**

**٥- گروپی ساغ کردنەوەی بەرهەمەکان لە بازاڕدا :**

**کاری ئەم گروپە بریتییە لە بردنی بەرهەمەکانی پڕۆژەکە وە ساغ کردنەوەیان لە بازاڕی کاردا .**

**٦- گروپی هەڵسەنگێنەرانی پڕۆژەکە :**

**کاری ئەم گروپە بریتییە لە دەستنیشان کردنی لایەنە ویجابی و سلبییەکانی پڕۆژەکە وە پێشنیارکردن بۆساڵی ئایندە بۆ چاکترکردنی پڕۆژەکە یان لابردنی پڕۆژەکە .**

***دەکرێت هەموو ئەم کارانە لەلایەن هەموو پۆلەوە تێکڕا ئەنجام بدرێ .**

**پ/ ئایا ئەم ڕێگایە لەگەڵ بابەتەکانی زماندا دەگونجێ ؟**

**و// بەڵێ ، بۆ نموونە پڕۆژەیەك دادەنێی لەگەڵ فێرخوازەکاندا بۆ لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی مەحوی .**

**پ/ کاری مامۆستا چییە لەم ڕێگەیەدا ؟**

**و// سەرپەرشتی کردن وە هەڵسەنگاندنی پڕۆژەکە .**

## وانەووتنەوە بەتیم (التدريس بالفريق) : Team Teaching

پ/ ئایا بەڕای تۆ لەم ڕێگەیەدا فێرخوازەکان بەتیم دادەنیشن یان مامۆستاکان بەتیم ؟

و// مامۆستاکان بە تیم وانە دەڵێنەوە ، وە دەکرێ هەر تیمێك پێك بێت لە دوو مامۆستا یان زیاتر کە پێکەوە دەچنە ژووری پۆلەوە وە پێکەوە وانەکە دەڵێنەوە .

### مەرجەکانی وانەووتنەوە بەم ڕێگایە :

١- دەبێت بابەتەکە هەڵبگرێت ( وا پێویست بکات ) کە مامۆستاکان بە تیم بیڵێنەوە .

٢- دەبێت دوو مامۆستاکە لە ڕووی پسپۆڕی ووردیانەوە جیاواز بن یان لە ڕووی پسپۆڕییەکانیانەوە دوو بابەتی تەواوکاری یەك بن یان پەیوەندی دار بن بەیەکەوە لە ڕووی پەیڕەوی خوێندنەوە . وەك : بابەتی مێژوو و جوگرافیا بۆ نموونە شەڕی چاڵدێران ، مامۆستای مێژوو باسی شەڕەکە دەکات لە ڕووی مێژوویی یەوە وە مامۆستای جوگرافیا باسی شەڕەکە دەکات لە ڕووی شوێنی جوگرافییەوە . یان لە بابەتی بایۆلۆجی و کیمیا یان کیمیا و فیزیا یان فیزیا و بیرکاری یان ئەدەب و ڕێزمان لە بابەتی زمانەکان .

٣- دەبێت هەردوو مامۆستاکە لە ڕووی دەروونی و بۆچوون و بیرکردنەوە و ڕەفتارییەوە تا ڕادەیەکی زۆر گونجاو بن لەگەڵ یەکتردا .

**جیاوازی ڕا :**

ئەگەر ڕای مامۆستاکان جیاواز بێت ئاساییە ، بەڵام بەمەرجێك لە چوارچێوەی ڕێز و نرخاندنی ڕای بەرامبەر دەرنەچێ .

**ناکۆکی و دووبەرەکی :**

ئاسایی نییە ئەگەر لەنێوان مامۆستاکاندا هەبن وە پەسەند نین .

**تێبینی :**

بەڵام لە کۆتاییدا دەبێ ئەو ڕایە بخرێتە ڕوو کە لەگەڵ پەیڕەوی خوێندندا یەك دەگرێتەوە .

٤- دەبێت هەردوو مامۆستاکە پێکەوە دانیشتنیان کردبێ وە ڕێك کەوتبن لەسەر چۆنیەتی ووتنەوەی بابەتەکە وە ڕاکانیان ئاڵوگۆڕ کردبێت پێش چوونە ناو پۆلەوە وە هەروەها ڕێك کەوتبن لەسەر دابەشکردنی کات لە نێوانیاندا .

**تێبینی :**

**بنچینەی ئەم ڕێگایە لە بابەتێکەوە سەری هەڵداوە لە بواری پەیڕەوی خوێندندا کە پێی دەووترێت ( تەواوکاری زانستەکان ) تکامل العلوم ، ئەم جۆرە بۆچوونە پێی وایە کە زانستەکان تەواوکاری یەکترین . وەك : بابەتی بایۆلۆجی و کیمیا و فیزیا لە قۆناغە بنەڕەتییەکان لە یەك کتابدان .**

## وانەووتنەوەی بچوککراوە (التدريس المصغر) : Micro Teaching

**ئەم ڕێگایە لە کۆلێژەکانی پەروەردە و پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان پیادە دەکرێت . لەم ڕێگایەدا فێرخوازی مامۆستا (الطالب المعلم) داوای لێدەکرێت کە وانەیەك ئامادە بکات ، وە پلانی پێویستی بۆ دابڕێژێت وە لە کاتێکی کورتدا پێشکەشی پۆلەکەی بکات کە لەنێوان (٥–٧) خولەکدایە ، وە دەکرێت بەشێك لە پۆلەکە یان دەستەیەك لە هاوڕێکانی لەناو پۆلەکەدا دابنیشن لەنێوان (٧–١٠) بە سەرپەرشتی و چاودێری مامۆستا . ئەم وانەیە بە کامێرا تۆمار دەکرێت وە پاشان بە ئاگاداری خودی فێرخوازەکە خۆی وە هاوڕێکانی وە مامۆستای سەرپەرشتیار ، وانەکە لێدەدرێتەوە دووبارە ، وە بە سەرپەرشتی مامۆستا و فێرخوازەکان ووتووێژ دەکرێ لەسەر لایەنە ئیجابییەکان وە لایەنە سلبییەکانی پێشکەش کردنی وانەکە ، وە پێشنیار پێشکەش دەکرێ بۆ چۆنیەتی چاکترکردنی لایەنە سلبییەکان ، وە ئەگەر پێویست بوو جارێکی تر وانەکە دووبارە دەکاتەوە .**

**پاشان بە پێی فۆڕمێکی دیاریکراو لەلایەن مامۆستا و فێرخوازە هاوکارەکانی هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدرێت بۆ فێرخوازی مامۆستا ، وە ئەمە جۆرێکە لە ڕاهێنان بۆ وانەووتنەوە .**

**پ/ ئایا بەڕای تۆ بۆچی ئەم ڕێگایە ناونراوە بچوککراوە ؟**

**و// ١– لەبەرئەوەی کاتەکەی کورت کراوەتەوە . ٢– لەبەرئەوەی ژمارەی فێرخوازەکان کەم کراوەتەوە .**

**تێبینی :**

**دەکرێت جگە لەهاوڕێکانی پۆلەکە هەندێك لە فێرخوازانی ڕاستەقینەی پۆلەکانی تر بێنێتە پۆلەکەوە .**

پ/ فێرخوازی مامۆستا ئەرکی چییە ؟

و//

١- داوای لێدەکرێت وانەیەك دابڕێژێت .

٢- پلانی بۆ دادەڕێژێت وە کۆپییەك دەداتە مامۆستا .

٣- کاتێکی کورتی بۆ دەرەخسێنرێت لە (٥-٧) خولەك وانەکە بڵێتەوە کە پێویستی بە ئەوەندەیە ، دەبێت خۆی بۆ ئامادەبکات .

٤- لەکاتی وانەووتنەوەی مامۆستای فێرخواز تۆمار دەکریێ بە کامێرا بۆئەوەی دواتر مامۆستای فێرخواز خۆی ببینێتەوە وە دواتر کە مامۆستای فێرخواز دانیشتەوە ڤیدیۆکە لێ دەدەنەوە و لایەنە ئیجابی و سلبییەکانی لێ دەدرێتەوە ، ئەگەر زۆر خراپ بوو وە کاتیش هەبوو هەلی بۆ دەرەخسێنرێت کە وانەیەکی تر بڵێتەوە . لەوکاتەی کە ئەو وانەیە دەڵێتەوە مامۆستاکانی تر لە ڕێگەی فۆڕمێکەوە ڕەخنە بونیادنەرەکان لەگەڵ لایەنە ئیجابییەکان دەنووسن .

| ز | ڕێگای گردکردنەوە (چنینەوە) (الطريقة الأستقرائية) : Induction | ڕێگای هەڵهێنجان (پێوانەیی) (الأستنتاجية ، القياسية) : Deduction |
|---|---|---|
| ١ | ڕێگایەکی بیرکردنەوەیە ، هەروەها ڕێگایەکی وانەووتنەوەشە . | ڕێگایەکی بیرکردنەوەیە ، وە دەکرێت وەکو ڕێگای وانەووتنەوەش بەکاربهێنرێت . |
| ٢ | لەم ڕێگایەدا بیرکردنەوە لە بەشەوە بەرەو گشت دەڕوات . | لەم ڕێگایەدا بیرکردنەوە لە گشتەوە دەڕوات بەرەو بەش . |
| ٣ | ئەگەر وەك ڕێگای وانەووتنەوە بەکارهێنرا ئەوا: لە سەرەتاوە باسی نموونەکان دەکرێت پاشان لە ڕێگای گفتوگۆ و وتوویژ لەگەڵ فێرخوازەکاندا هەوڵ دەدرێت فێرخوازەکان ببرێن بەرەو یاساکە وە تابکرێت خۆیان بیدۆزنەوە باشترە .<br>کاری مامۆستا لێرەدا بریتییە لە گفتوگۆکردن لەگەڵ فێرخوازەکاندا تا بتوانن خۆیان یاساکە بدۆزنەوە .<br>نموونە //<br>ئازاد چوو بۆ هەولێر.←—— بکەر+ کار+ ئامراز+ | لەم ڕێگایەدا مامۆستا لە سەرەتاوە یاساکە دەخاتەڕوو، وە پاشان نموونەی لەسەر دەهێنێتەوە.<br>نموونە //<br>بکەر+ کار+ ئامراز+ تەواوکەر ——← ئازاد چوو بۆ هەولێر . |

| | | |
|---|---|---|
| | تەواوکەر | |
| ٤ | تا ڕادەیەك پێویستی بە کاتی زیاترە . | تا ڕادەیەك پێویستی بە کاتی کەمترە . |
| ٥ | لەگەڵ تەمەنی گەورە و منداڵ گونجاوە . | تا ڕادەیەك لەگەڵ تەمەنی گەورەدا گونجاوە لەبەرئەوەی پێویستی بە بیرکردنەوەی لۆگیکی (منطق) هەیە ، وە کەمتر لەگەڵ منداڵ دەگونجێ . |
| ٦ | پەرتوکەکانی خوێندن زیاتر بەم ڕێگەیە داڕێژراون لە بابەتەکانی ڕێزمان و فیزیا و بیرکاری . | ڕاهێنانەکان بریتیین لە جێبەجێ کردنی یاساکە بەسەر هەلۆیستی نوێدا . |
| ٧ | زۆرینەی مامۆستاکان ئەم ڕێگایە بەکارناهێنن . | زۆرینەی مامۆستاکان ئەم ڕێگایە بەکاردێنن بە تایبەتی لە بابەتە ڕێزمانییەکان . |
| ٨ | ئەگەر بە چاکی بەکاربهێنرێت دەبێتە هۆی تێگەیشتنی زیاتر . | ئەگەر لە ڕاهێنانەکان بەکاربهێنرێت ڕۆڵی باشی دەبێت . |
| ٩ | فێرخواز لەم ڕێگایەدا بەهای یاساکان زیاتر دەزانێت لەبەرئەوەی لە ڕێگەی ماندووبونەوە خۆی دۆزیویەتییەوە . | فێرخواز لەوانەیە زیاتر یاساکان لەبەر (ئەزبەر) بکات وەك ئەوەی لێی تێگەیشتبێ . |

**تێبینی :**

١- باشترین کار کە مامۆستا بیکات ئەوەیە کە سەرەتا ڕێگای (چنینەوە) بەکاربێنێ بۆ گەیشتن بە یاساکە ، لە دواییدا ڕێگای (هەڵهێنجان) بەکاربێنێ بۆ جێبەجێ کردنی یاساکە بەسەر نموونە و هەلۆێستی نوێدا .

٢- ئەم دوو ڕێگایە زیاتر لەگەڵ ئەو بابەتانەدا دەگونجێ کە نموونە و یاسایان تێدایە وەك : ڕێزمانی کوردی ، القواعد العربیة ، گرامەری ئینگلیزی ، هەروەها بابەتەکانی کیمیا و فیزیا و بیرکاری ، وە هەروەها وەزن و قافیە لە شیعر و هۆنراوەدا .

٣- زۆربەی ڕێگا نوێیەکان لە وانەووتنەوە ئەم دوو ڕێگایە تێکەڵاو دەکەن .

## فێربوون بە کارکردن (التعلم بالعمل) :Learning by doing

ئەم ڕێگایە زیاتر پەیوەندی دارە بە خودی فێرخوازەکە خۆیەوە بۆیەش دەستەواژەی (فێربوون) بەکاردێ .

جۆرەکانی چالاکی : ((چالاکی فێربوونی ، چالاکی فێرکاری ))

فێربوون بە کارکردن جۆرێکە لە چالاکی فێربوونی .

ئەرکی مامۆستا بریتییە لە ڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاو لەناو پۆل وە هەلی گونجاو لە دەرەوەی پۆل بۆ ئەوەی فێربوون بە کارکردن ڕووبدات . کەواتە لێردا فێرخواز کار و چالاکییەکی دیاری کراو ئەنجام دەدات کە نەخشەی بۆ کێشراوە لەلایەن مامۆستاوە ، وە دەبێتە هۆی فێربوونی زانیارییەك یان شارەزاییەك یان کارامەیی یەك . کەواتە لێرەدا جۆرێك لە ئەنجامدانی پراکتیکی بەدی دەکرێت .

ئەگەر بەقسە پێم بڵێی لەوانەیە بیرم بچێتەوە

ئەگەر پیشانم بدەی لەوانەیە بیرم بکەوێتەوە

ئەگەر بەشداریم پێ بکەی لەوانەیە تێبگەم

ئەگەر دەست سەرقاڵ بوو بە ئەنجامدانی چالاکییەوە Hand on Activity

ئەوا : مێشکیش سەرقاڵ دەبێت بەو چالاکییەوە Mind on Activity

*ئەم ڕێگایە بە شێوەیەکی گشتی پشت دەبەستێ بە داهێنانی مامۆستا .

*ئەم ڕێگایە لەگەڵ هەندێك بابەت زۆر گونجاوە وەك لە بابەتی بایۆلۆجی لە فێرکردنی بەکارهێنانی مایکرۆسکۆپ یان لە کۆلێژی پزیشکی دەگونجێت مامۆستا بەم ڕێگایە فێرخوازەکان فێری توێکاری و نەشتەرگەری بکات .

## فێربوون بە تێبینی کردنی هەستپێکراو (التعلم بالملاحظة المحسوسة)

## Learning by Feeling Observation:

ڕێژەی سەدی بەشداریکردنی هەستەکان لە وەرگرتنی زانیاریدا :

| | |
|---|---|
| بینین | ٨٣ ٪ |
| بیستن | ١١ ٪ |
| بۆن | ٣,٥ ٪ |
| دەست لێدان | ١,٥ ٪ |
| تام کردن | ١ ٪ |

**تێبینی :**

١- مرۆڤ لە ڕێگەی ئەم دەرگایانەوە زانیاری وەردەگرێ .

٢- ئەگەر زانیارییەك لە سێ هەستەوەر (بینین، بیستن، دەست لێدان )ەوە وەرگیرابێ ئەوا باشتر دەچەسپێ و زووتر بیر دێتەوە .

٣- ئەوەی بە پلەی یەکەم بەکاردەهێنرێ ( بینین و بستن )ە ، وە دەروازەیەکی تر هەیە پێی دەووترێ (عضلي) بەم جۆری ڕادەی زانیارییەکەی زیاد دەبێ .

**چەمك :**

بریتییە لە ناوێکی کۆکەرەوە بۆ کۆمەڵێك سیفات و تایبەتمەندی هاوبەش یان دیاریکراو کە لە شتێکی دیاریکراودا هەبێت .

**جۆرەکانی چەمك :**

١- **چەمکی هەستپێکراو (بەرجەستە) :**

ئەو چەمکەیە کە بە هەستەکان دەتوانی هەستی پێ بکەی . وەك: گوڵ ، کۆمپیوتەر ، تەلەفیزیۆن ، کورسی ، وایت بۆرد ، ......هتد .

٢- **چەمکی واتایی :**

ئەو چەمکەیە کە بە هەستەکان ناتوانی هەستی پێ بکەی جگە لە بیستن . وەك: ئازادی ، دیموکراسی ، کات ، .....هتد .

پ/ ئایا فێربوون بە تێبینی هەستپێکراو زیاتر لەگەڵ چ جۆرە چەمکێك بەکاردێ ؟

و// زیاتر لەگەڵ چەمکی هەستپێکراو بەکاردێ .

*لە چەمکی واتایی ناتوانی هەست بە شتەکان بکەی بەڵام دوایی کاریگەرییەکەی هەست پێ دەکەی .

پ/ بۆچی ئەم ڕێگایە بۆ قۆناغی منداڵ زۆر گرنگە ؟

و// لەبەرئەوەی منداڵ زیاتر لە شتە بەرجەستە و هەستپێکراوەکان تێدەگات وە لە ڕێگەیانەوە فێر دەبێت بە بەراورد لەگەڵ چەمکی واتایی .

## مێتۆدی هێربارتی ئەڵمانی :

هێربارت یەکێکە لە پسپۆڕەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن و ڕێگاکانی وانەووتنەوە و پەیڕەوی خوێندن . وە ڕێگایەکی وانەووتنەوەی داهێناوە لە کۆتایی یەکانی سەدەی ١٩ ، کە تا ئێستاش بە شێوەیەکی گشتی کاری پێ دەکرێت ، وە زۆر لەو هەنگاوانەی ئەو باسی کردووە لە زۆربەی ڕێگا نوێیەکان دووبارە دەکرێتەوە یان ئاماژەی پێ دەکرێت ، کە ئەم هەنگاوانەن :

١- پێشەکی ٢- پانتایی وانەکە ٣- پێکەوەبەستن ٤- هەڵهێنجان ٥- کۆتایی

ئەم ڕێگایە دەکرێت بۆ وانەووتنەوە وە بۆ پلان دانان بەکاربهێنرێت .

**١- پێشەکی :**

تیایدا مامۆستا فێرخوازەکان ساز و ئامادە دەکات بۆ چوونە ناو وانەکەوە وە پێشەکیەکیان دەداتێ سەبارەت بە وانەی ئەمڕۆ وە دەکرێت پێداچوونەوەیەکی وانەی پێشوویان لەگەڵدا ئەنجام بدات .

**٢- پانتایی وانەکە :**

لێرەدا مامۆستا بە بەکارهێنانی ڕێگای وانەووتنەوەی گونجاو ناوەڕۆکی وانەکە دەخاتەڕوو .

**٣- پێکەوەبەستن :**

مامۆستا بیرۆکەکانی ناو وانەکە پێکەوە دەبەستێتەوە ، یان وانەکە دەبەستێتەوە بە وانەکانی ڕابردووەوە .

**٤- هەڵهێنجان :**

مامۆستا هەڵدەستێ بە دەرهێنان و کورتکردنەوەی یاسا و بیرۆکە سەرەکییەکان لە وانەکەدا .

**٥- کۆتایی :**

لێرەدا مامۆستا بە شێوەیەکی گونجاو کۆتایی دەهێنێ بە وانەکە وە ئەرکی ماڵەوەیان دەداتێ .

## مێتۆدی چارەسەرکردنی گرفت (کێشە) (طريقة حل المشكلات)

## Solving Problem:

ئەم ڕێگایە پێش ئەوەی ڕێگای وانەووتنەوە بێت ڕێگایەکیشە بۆ بیرکردنەوە ، لەم ڕێگایەدا کێشەیەك یان گرفتێك کە پەیوەندی دارە بە بابەتێکی خوێندراوەوە لەناو پەیڕەوی خوێندندا لەلایەن مامۆستاوە یان لەلایەن خودی فێرخوازەکە خۆیەوە بە بەکارهێنانی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە چارەسەر دەکریٚ :

١- هەست کردن بە گرفت و دەستنیشان کردنی

٢- دانانی گریمانەکان

٣- کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر گریمانەکە

٤- گەیشتن بە گریمانی ڕاست

٥- دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتەکە

**نموونە** // ئەگەر لە پۆلەکە گڵۆپێك دانەگیرسا ، ئەوا ئەم کێشەیە بەم شێوەیە چارەسەر دەکەین :

١- لە هەنگاوی یەکەم هەست بە کێشەکە دەکەی و دەستنیشانی دەکەی وە دەبێت دەستنیشان کردنی کێشەکە ڕوون و ئاشکرا بێت وە نابێت تەم و مژاوی بێت .

٢- دانانی گریمانەکان :

**گریمان** : بریتییە لە وەڵام دانەوەیەکی کاتی بۆ پرسیاری کێشەکە .

پ/ چی وای لێدەکات کەسێك گریمانی زیاتر بێت بە مێشکیدا ؟

و// بە پلەی یەکەم پشت دەبەستیٚ بە شارەزایی ئەو کەسە لەو بوارەدا ، واتە تا کەسەکە شارەزایی زیاتری هەبیٚ گریمانی زیاتر دێت بە مێشکیدا .

*گریمانەکان لەوانەیە هەمووی ئگەر بن لەوانەیە وا بێت لەوانەشە وا نەبێت .

**چەند گریمانێك وەر دەگرین بۆ نموونەی دانەگیرسانی گڵۆپەکە :**

١- لەوانەیە ستارتەرەکەی سووتابیٚ .

٢- لەوانەیە گڵۆپەکە سووتابیٚ .

٣- لەوانەیە کارەبا نەبیٚ .

٤- لەوانەیە سویچەکەی تەواو نەبیٚ .

٥- لەوانەیە وایەرەکەی پچڕابیٚ .

**تاقیکردنەوەی گریمانەکان یەك لە دوای یەك ، واتە دوای ئەوەی کە گریمانەکان دانران یەکە یەکە تاقییان بکەینەوە ئەمەش لە ڕێگەی هەنگاوی کۆکردنەوەی زانیارییەوە ئەنجام دەدرێ .**

**٣- لە هەنگاوی کۆکردنەوەی زانیاری دەگەینە دوو ئەگەر ← گریمانەکە ڕاستە**
**← گریمانەکە ڕاست نییە**

**پاشان ئەگەر گریمانەکە ڕاست بوو ئەوا ئەگەینە هەنگاوی ( گەیشتن بە گریمانی ڕاست ) و پاشان ئەچین بۆ هەنگاوی دواتر ( دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتەکە ) .**

**بەڵام ئەگەر گریمانەکە ڕاست نەبوو ئەوا ئەچین بۆ گریمانێکی تر لەو گریمانانەی کە دامان نابوو لە هەنگاوی دووەم و پاشان دووبارە ئەچینەوە سەر هەنگاوی ( کۆکردنەوەی زانیاری ) بە هەمان شێوەی پێشوو .**


## نموونەیەك لە خوێندن : بابەتی مێژوو: هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی ؟

**دوای ئەوەی کە هەستمان بەو گرفتە کرد و دەستنیشانمان کرد ، چەند گریمانێك دادەنێین وەك ( کوردستان ناوچەیەك شاخاوییە ) ، پاشان زانیاری کۆ دەکەینەوە دەبینین چەند دەوڵەتێکی تریش شاخاویین و دەوڵەتیشیان دروست کردووە ، بۆیە ئەو گریمانە لادەبەین و گریمانی تر دادەنێین تا دەگەینە گریمانێکی دروست . لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە فێرخواز سەنتەرە وە ڕۆڵی مامۆستا سەرپەرشتی و ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنە .**

***ئەم مێتۆدە لەگەڵ بەشێکی زۆر لە بابەتە زانستییەکاندا دەگونجێت . بۆ نموونە لەگەڵ بابەتی جوگرافیا ( ئەو ڕەشە بایەی کە لە بناری هەیبەت سوڵتان هەیە بۆ لە ناو کۆیە کەمترە ؟) ، چەند گریمانێك وەردەگرین وەك : ئەو شوێنەی بینا و خەڵکی زۆری لێیە ڕەشەبای کەمترە لەو شوێنانەی کە بینا و خەڵکی کەمە ، وە چەندین گریمانی تریش وەردەگرین و پاشان هەنگاوەکانی تریش جێبەجێ دەکەین بەو شێوەیەی باسمان کرد .**

## مێتۆدەکانی وانەووتنەوە و پەیوەندییان بە چالاکییە فێربوونییەکانەوە :

( تا ئاڕاستەی چالاکی بەرەو فێرخواز بڕوات ، پرۆسەی فێربوون سەرکەوتووترە )




## ووتنەوە و پێشکەشکردن (الألقاء) :


- چالاکی فێرخواز تەنها بریتییە لە گوێ گرتن .
- کردارەکانی بیرکردنەوە زۆر دەگمەنە لە لایەن فێرخوازەوە .
- باشتر وایە ئەم ڕێگایە تەنها لە کاتی پچڕ پچڕدا جێبەجێ بکرێ لەناو وانەکەدا .
- بە تایبەتی لە ٢٥٪ ی کاتی وانەکە تێنەپەڕێت .
- چونکە دوای ئەوە (زۆرجار) فێرخواز ناتوانێت لە ووتەکانی مامۆستا تێبگات واتە ئاگایی (ترکیز) نامێنێ .

## گفتوگۆکردن (المناقشة) :

- بریتییە لە پرۆسەی کارلێکی بەردەوام لە نێوان مامۆستا و فێرخوازدا لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە .
- بەڕێوەبردنێکی ( سەرکردایەتیکردنێکی ) ڕوون و ئاشکرای مامۆستا هەیە بۆئەوەی فێرخواز بگاتە چارەسەرکردنی گرفتەکە .
- لەبەرئەوە پرۆسەی بیرکردنەوە لای فێرخواز سنوردارە .
- بەڵام ئەم ڕێگایە بەسوودە بۆ زانینی بڕی زانیارییەکان و چۆنیەتی بیرکردنەوەی فێرخواز .
- تا ڕادەیەك دەبێتە هۆی چالاککردنی لەناو وانەکەدا و دڵنیابوون لە تێگەیشتنی .
- تیایدا جەخت دەکرێتەوە تەنها لەسەر ئاستی تێگەیشتن .

## دۆزینەوە (الأستكشاف) :

- لێرەدا مامۆستا پێش گەیشتن بە زانیاری ڕاست و دروست ( ئیتر ئایا چەمکێك بێت یان ڕاستییەك یان یاسایەك یان ڕێسایەکی بیرکاری ) دەیەوێت مسۆگەری بکات کە هەموو فێرخوازەکان پرۆسەی بیرکردنەوەی زانستییان ئەنجام داوە تا ئاستە بەرزەکانی شیکردنەوە و پێکهێنان .
- مامۆستا کاتی پێویستیان دەداتێ بۆ چارەسەرکردنی هەر هەڵوێستێکی نوێ کە لەناو وانەکەدا ڕووبەڕوی دەبنەوە .
- ئەم ڕێگایەش گونجاوترینە و دەکرێت بە ئاسانی جێبەجێ بکرێت . بۆچی ؟
- چونکە هەمیشە مەرجی فەراهەم بوونی ئامێر و پێداویستی دیاریکراوی نییە .
- چونکە لایەنی زانستی فێرخواز بەرەو پێشەوە دەبات و دوایی فێرخواز بە توانا دەبێت لە تێگەیشتنی زانیارییەکەدا بە پشت بەستن بە توانای خودی خۆی .
- گرنگ ئەوەیە مامۆستا وا ڕەفتار لەگەڵ فێرخوازدا بکات کە زانایەکی تازە دەستپێکەرە .




هەرەمی مەعریفە

((پێکهێنەرەکانی بابەتی خوێندراو))

*ئەو پێنج پێکهێنەرەی بابەتی خوێندراو لەوانەیە هەندێکیان لە هەندێ بابەتدا هەبن و لە هەندێکی تردا نەبن وەك یاسا و ڕێسا لە بابەتی مێژوودا نییە .

١- ڕاستییەکان :

بچووکترین پێکهێنەری مەعریفەن کە زۆرجار گۆڕانیان بەسەردا نایەت . وەك: ئاو لە ئاستی ڕووی دەریا لە ( ١٠٠°) س دەکوڵێ بە جێگیری پەستان یان ئاو پێك دێت لە ( ٢ ) گەردیلە هایدرۆجین و ( ١ ) گەردیلە ئۆکسجین .

٢- چەمکەکان :

بەشێکی زۆر لەو بابەتەی کە تۆ دەیڵێیەوە پڕیەتی لە چەمك وەك : (شەڕ ) لە بابەتی مێژوودا ، ئاشتی ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکردار ، شیردەرەکان ، باڵندە ،....هتد .

٣- یاسا و ڕێسا :

یاسا و ڕێسا لە هەندێ بابەتدا هەیە و لە هەندێکی تردا نییە ، لە ڕێزمان و بیرکاری و فیزیادا هەیە . وە ڕێسا گشتگیرترە چونکە جاری وا هەیە لە دوو یاسا پێك دێت .

وە عادەتەن لە یاسا و ڕێسادا چەند چەمکێك بەکاردەهێنرێت ، بۆ نموونە : ( تا پەستان زیاد بکات قەبارە بچووك دەبێتەوە ) لە بابەتی فیزیا .

٤- بیردۆز :

هەوڵدانێکی ژیری مرۆڤە بۆ لێکدانەوەی دیاردەکان ، وە زۆر جار لە بیردۆزەکاندا یاسا و ڕێسا و چەمك و ڕاستییەکانی تێدایە . وە بیردۆز لە هەموو ئاستەکانی تر شلۆق ترە وە جێگیر نییە وە گۆڕانیان بەسەردا دێت . بۆ نموونە : بیردۆزی نیوتن لە یاساکانی دەرەوەی گۆی زەوی پاش هاتنی ئەنیشتاین هەرەسە هێنا .

*لە پێش ئاستی بیردۆز (فرضیات) ئەگەر هەیە .

پ/ ئایا گرنگترین تایبەتمەندی کە وا دەکات ڕێگەی دۆزینەوە بەئاسانی بەکاربێ چییە ؟

و// چونکە هەمیشە مەرجی فەراهەم بوونی ئامێر و پێداویستی دیاریکراوی نییە .

پ/ بۆچی هەرەمی مەعریفە بەشێوەی هەرەم دانراوە ؟

و// پەیوەندی بە ژمارەیانەوە هەیە ، ئەوەی ژێرەوە ژمارەی لە هەموویان زیاترە وە تا بەرەو سەرەوە بڕۆین ژمارەیان کەم دەبێتەوە .


پ/ ئاستی بیرکردنەوە لەم ڕێگایانە چۆنە ؟

و// وانەبێژی .......لەوپەڕی نزمیدایە

گفتوگۆ .........دەگاتە ئاستی تێگەیشتن

دۆزینەوە .......دەگاتە ئاستی شیکردنەوە و پێکهێنان

پ/ ئایا لە کام لەم پێنج ڕێگەیەدا فێرخواز ڕووبەڕووی هەڵوێستی نویٚ دەبێتەوە ؟ بە پێی ئاستەکانی بلۆم .




و // فێرخواز لە ڕێگەی دۆزینەوە بە دواوە ( دۆزینەوە ، گەڕان و پشکنین ، چارەسەری گرفت ) ڕووبەڕووی هەڵوێستی نویٚ دەبێتەوە .

پ/ ئایا ئەم ڕێگایە دەبێتەهۆی بەرەوپێش بردنی ئاستی زانستی فێرخواز ؟


و// بەڵێ ، وە جۆرێك لە پشت بەستنی بۆ دروست دەبێت بە خودی خۆی و تواناکانی .

لەم بوارەدا دوو دەستەواژە بەکاردەهێنرێت :

١- پشت بەستن ( الاعتمادية ) (( پشت بەستن : پشت بەستن بە کەسانی تر ))

٢- سەربەخۆیی (الاستقلالية )

منداڵ لە کاتی لە دایك بوونیدا پشت بەستنی ( ١٠٠٪ )ە ، وە سەربەخۆیی ( ٠٪ )ە ، دایك و باوك دوایی وا لە منداڵەکانیان دەکەن کە سەربەخۆییان بەرز بێتەوە بەڵام پشت بەستنی هەر بەهێزە . وە مامۆستا و خەڵکی دەوروبەری بە تێپەڕبوونی کات پێویستە ئەو هاوکێشەیە پێچەوانە بکەنەوە واتە پشت بەستنی کەم بکەنەوە و سەربەخۆیی زیاد بکەن .





*بە پێی ڕێگای وانەووتنەوە ( پشت بەستن و سەربەخۆیی ) دەگۆڕێ .

پ/ مامۆستا چۆن سەیری فێرخواز دەکات لەم ڕێگایەدا ؟

و// مامۆستا وا ڕەفتار لەگەڵ فێرخوازدا دەکات کە زانایەکی تازە دەستپێکەرە .

*ئەم ڕێگایە دەکرێ ناوی بنێین ( سەر لە نوێ دۆزینەوە ) چونکە لە ڕاستیدا ئەو بابەتە دۆزراوەتەوە بەڵام مامۆستا ئەو بارودۆخەی بۆ دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی فێرخواز سەر لەنوێ بیدۆزێتەوە وەکو زانایەکی تازە دەستپێکەر .




## گەڕان و پشکنین (الأستقصاء) :

- گرفتێك دەخرێتە بەردەمی فێرخواز .
- هەوڵدەدات چارەسەری بکات (وەك زانایەکی پێگەیشتوو) .
- دەبێت ئامراز و پێداویستییە تاقیگەییەکانی بۆ دابینبکرێت بۆ ئەوەی چالاکی بیرکردنەوە لەگەڵ چالاکی پراکتیکی ئەنجام بدات .
- گەڕان و پشکنین بریتییە لە گرێدانی دۆزینەوە(إستکشاف) لەگەڵ چالاکی پراکتیکی(عملی) بە شێوەیەك کە فێرخواز بگاتە دۆزینەوەی زانستی کە زاناکان پێی گەیشتوون .
- بێگومان ئەمە پێویستی بە یارمەتی مامۆستا هەیە .

پ/ مەبەست لە گرفت چییە ؟

و// گرفت واتە پرسیارێك یان کێشەیەك یان پرسیارێك کە بێ وەڵامە یان وەڵامێکی تەم و مژاوییە کە پەیوەندی بە پەیڕەوی خوێندنەوە هەیە .

**زانای پێگەیشتوو :**

ئەو زانایەیە کە بەو ڕێگەیەدا دەڕوات بۆ دۆزینەوەی بابەتێك کە زاناکانی پێش خۆی دۆزیویەتیانەوە .

*خاڵی جیاکەرەوەی ئەم ڕێگایە لەگەڵ ڕێگاکانی پێشوو و بە تایبەت ڕێگای دۆزینەوە ئەوەیە کە ئەم ڕێگایە دەبێت ئامراز و پێداویستییە تاقیگەییەکانی بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی چالاکی بیرکردنەوە لەگەڵ چالاکی پراکتیکی ئەنجام بدرێت .

*ئەم ڕێگایە زیاتر لەگەڵ بابەتە زلنستییەکاندا دەگونجێت کە لە تاقیگەکاندا ئەنجام دەدرێت .

*لەم ڕێگایە هەردوو جۆری چالاکی ( بیرکردنەوە ، پراکتیکی ) ئەنجام دەدرێت بەڵام لە ڕێگای دۆزینەوە تەنها چالاکی بیرکردنەوە ئەنجام دەدرێت .

**نموونە :**

لوولەیەکی شووشەیی پلەپلە کراو دەهێنین و جیوەی تێدەکەین و بە پەنجە سەرەکەی دەگرین وە دەچینە سەر ئاستی ڕووی دەریاو پێچەوانەی دەکەینەوە بەڵام دەستمان هەر پێوەیەتی تا دەیرێژینە ناو قاپێك کە جیوەی تێدایە ، دەبینین ئاستی جیوەکە دادەبەزێت تا دەگاتە ٧٦ پلە چونکە پەستانی هەوا ستونێك جیوە لە ٧٦ پلە لە ئاستی ڕووی دەریا ڕادەگرێت .

ئەمە وا لە فێرخواز دەکات بگاتە ئاستێك کە پێشتر زاناکان پێی گەیشتوون ، بەڵام لە ژێر سەرپەرشتی و چاودێری مامۆستادا .

## چارەسەرکردنی گرفت (حل المشكلات) :

- لێرەدا دەستپێشخەری لەلایەن فێرخوازەوەیە .
- هەست بە گرفتێکی دیاریکراو دەکات و دەستنیشانی دەکات .
- هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی لەسەر بنەمای گەڕان و توێژینەوەی زانستی .
- واتە فێرخواز گەیشتۆتە قۆناغێك کە بتوانێت هەڵسەنگاندن ئەنجامبدات .

پ/ لەم ڕێگایەدا کێ گرفتەکە هەست پێدەکات ؟

و// فێرخواز ، بەڵام لە گەڕان و پشکنین و دۆزینەوە مامۆستا گرفتەکە دەخاتە بەردەستی فێرخواز .

*گرفتەكە پێویستە پەیوەندی هەبێت بە پەیڕەوی خوێندنەوە .

*لەم ڕێگایەدا فێرخواز دەگاتە بەرزترین ئاستی بیركردنەوە ( هەڵسەنگاندن ) ، وەك توێژینەوەی دەرچوون دەبێت بگاتە ئەم ئاستە .

## جێبەجێكردن لەسەر مێتۆدەكانی وانەوتنەوە :

**بابەت : شیكاركردنی پرسیارێك**

-١-

- ئەگەر تۆ پرسیارەكەت بە تەواوی شیكاركرد.
- بە بێ هیچ دەستتێوەردانێكی ئاشكرای فێرخواز.
- ئەوا

ڕێگەی **وتنەوە و پێشكەشكردن(الألقاء)**ت بەكارهێناوە

-٢-

- ئەگەر تۆ پرسیارەكەت بەش كرد بۆ چەند برگەیەك، پاشان دەستتكرد بە پرسیاركردن، بە مەرجێك ڕێنمایی فێرخوازەكان بكات بۆ شیكاركردنی پرسیارەكە، بۆ نموونە وەك ئەوەی پرسیاریان ىٰبكەیت سەبارەت بە یاسایەك بەكاربهێنرێت لە شیكاركردنی پرسیارەكەدا، ئەوا :

ڕێگەی **گفتوگۆ (المناقشه)**ت بەكارهێناوە

-٣-

- ئەگەر تۆ پرسیارەکەت خستە بەردەمیان.
- پاشان داوات لە فێرخوازەکان کرد کە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە بە بێ هیچ دەستتێوەردانێکی مامۆستا (تەنها لە سنووریکی تەسکدا نەبێت).
- بە مەرجێك ئەم پرسیارە هەڵوێستێکی نوێ بێت لای فێرخواز (نەك دووبارە)، ئەوا

ڕێگەی دۆزینەوە (الأستكشاف)ت بەکارهێناوە

-٤-

- ئەگەر پرسیارەکە بریتی بوو لە هەڵوێستێکی نوێ بە لای فێرخوازەوە.
- بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە پێویستی بە جێبەجێکردنی پراکتیکی (عملي) هەبوو.
- فێرخواز ئەم کارەی ئەنجامدا بە بێ هیچ دەستتێوەردانێکی ئاشکرای مامۆستا. ئەوا

ڕێگەی گەڕان و پشکنین (الأستقصاء)ت بەکارهێناوە

-٥-

- ئەگەر فێرخواز خۆی پرسیارێکی کرد (بەمەرجێك هەڵوێستێکی نوێ بێت و دووبارەی ناو کتێبی خوێندنگا نەبێت).
- پاشان فێرخواز خۆی دەستپێشکەری کرد بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە (چارەسەری گرفتەکە) لەسەر بنچینەی توێژینەوەی زانستی.
- ئەوا

ڕێگەی چارەسەرکردنی گرفت (حل المشكلات)ت بەکارهێناوە

## فێرکردن بە چیڕۆك (القصة) :Story

پ/ ئایا دەکرێت چیڕۆك بەکاربهێنرێ وەك ڕێگای وانەووتنەوە ؟

و// بەڵێ دەکرێت چیڕۆك وەك ڕێگای وانەووتنەوە بەکاربهێنرێ بە مەبەستی فێرکردن .

*ئەم چیڕۆکانە دەکرێ ڕوداوی ڕاستەقینە بن وە دەکرێ ڕوداوی دروستکراو بن .

پ/ ئایا ئامانج لە گێڕانەوەی چیڕۆك چییە ؟

و//

١- گەیاندنی کۆمەڵێك زانست و زانیاری .
٢- گواستنەوەی کلتوری ڕۆشنبیری و گەیاندنی بە نەوەی داهاتوو ، کە ئەمە یەکێکە لە ئامانجەکانی پەروەردەش .
٣- پەند و ئامۆژگاری ژیان و شارەزایی .
٤- بەستنەوەی بابەتەکە بە ژیانی ڕۆژانەوە .
٥- پەرەپێدان بە لایەنی سۆزداری .
٦- بۆ نەهێشتنی لایەنی بێزاری فێرخواز .
٧- بۆ بەهێزکردنی لایەنی زمانەوانی فێرخواز لە ڕووی دەوڵەمەند کردنی بە زاراوەکان .
٨- پەرەپێدانی لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی واتە بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆحی مرۆڤ .

پ/ مەبەست لە پەرەپێدان بە لایەنی سۆزداری چییە ؟

و// مەبەست لەوەیە کە تۆ بەهایەك دروست دەکەی لای فێرخوازەکان وەك : خۆشەویستی نیشتمان ، حەز و ئارەزوو ، .....هتد .

پ/ ئایا چیڕۆك لەگەڵ چ تەمەنێکدا دەگونجێ ؟

و// لەگەڵ هەموو جۆرە تەمەنێکدا دەگونجێ بەڵام کەوتۆتە سەر ناوەڕۆکی بابەتی چیڕۆکەکە ، واتە باسی چی دەکەی ؟ وە بە چ زمانێك ؟ وە بۆ کێی باس دەکەی ؟

پ/ ئایا ئەو تایبەتمەندییانە چین کە پێویستە لە چیرۆکی فێرکاری بۆ ناو خوێندنگە و پۆلدا هەبێت ؟

و//

١- پێویستە چیرۆكەكە پەیوەندیدار بێت بە پەیڕەوی خوێندنەوە .

٢- دەبێت لەگەڵ ئاستی فێرخوازەكاندا بگونجێت .

٣- نزیك بێت لە ژینگەی ڕاستەقینەی فێرخوازەكان .

٤- دەبێت ڕەچاوی بەدیهێنانی ئامانجەكان تیایدا بكرێت .

٥- باشتر وایە چیرۆكەكان تا ڕادەیەك كورت بن وە بە پێی پسپۆڕیش دەگۆڕێ .

٦- دەبێت بە زمانێكی سادە دابڕێژرێت بە تایبەتی ئەگەر بۆ منداڵ بێت .

٧- دەبێت وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و زۆری لەگەڵدا بەكاربێت بە تایبەتی گەر بۆ منداڵ بێت .

٨- لەگەڵ داب و نەریتی كۆمەڵگەكەدا بگونجێت .

پ/ ئایا كێ هەڵدەستێ بە گێڕانەوەی چیرۆك ؟

و// مەرج نییە تەنها مامۆستا چیرۆك بگێڕێتەوە بەڵكو دەكرێت فێرخواز بیگێڕێتەوە یان دەكرێت كەسێكی دیكەی شارەزابێت . بۆ نموونە تۆ لە گوندێكدا وانە دەڵێیتەوە وە چواردەوری گوندەكەش مین ڕێژكراوە وە فێرخوازێكیش كە خۆی بەر مین كەوتووە بانگی دەكەی و چیرۆكی ڕوداوەكەی پێ دەگێڕیتەوە كە ئەمە كاریگەری زۆر زیاترە لەوەی خۆت بیگێڕیەوە لەبەرئەوەی ڕوداوەكە بە شێوەی بەرجەستەكراو بە ڕاستەقینەیی دەبینن .

یان لە بابەتی بایۆلۆجی دەتەوێ باسی خراپی جگەرەكێشان بكەی كەسێك بێنیێ باسی بكات كە خۆی جگەرەكێش بووبێ و توشی نەخۆشییەكی كوشندە بووبێ و دواتر وازی لێ هێنابێ .

پ/ ئایا كاتی خایاندراو بۆ گێڕانەوەی چیرۆك چەندە ؟

و// باشترە لەگەڵ منداڵدا كاتی خایاندراو تا ڕادەیەك كورت بێت وە لەگەڵ گەورەدا كاتی خایاندراو دەكرێت تا ڕادەیەك درێژ بێت .

*ئەو كەسەی كە چیرۆك دەگێڕێتەوە دەبێت باش خۆی ئامادەكردبێ وە هەندێ جار وا پێویست دەكات ( حركات ) جوڵەش بەكاربێنێ .

پ/ ئایا دەكرێت وەك ڕێگای سەربەخۆ بەكاربێت یان لەگەڵ ڕێگای تر تێكەڵاو بكرێ ؟

و// ئەگەر چیرۆكەكە دوور و درێژ بوو وە بابەتەكە وا پێویستی كرد ئەوا دەكرێ وەكو ڕێگایەكی سەربەخۆ بەكاربهێنرێ وەك لە وێژە و ئەدەبی زمانەكاندا ، وە لە بابەتی ئینگلیزی پۆلی ( ١٠ ، ١١ ، ١٢ ) ئامادەییدا چیرۆكی ( Kips, Oliver, Merchant ) هەبوو .

پ/ ئایا مەرجەکانی چیرۆکی باش چین ؟

و//

١- دەبێت ناوەڕۆکی چیرۆکەکە لەگەڵ ناونیشانی چیرۆکەکە گونجاو بێت .

٢- ناوەڕۆکی چیرۆکەکە لەگەڵ بابەتی خوێندراودا یەك بگرێتەوە .

٣- ئامانجی پەروەردەیی لە پشتەوە بێت .

٤- گونجاو بێت لەگەڵ ئەو تەمەنەی کە پێشکەشی دەکرێت .

٥- هەڵەی زمانەوانی و داڕشتنی تێدانەبێت .

٦- تایبەتمەندییەکان و ئامانجەکان تیایدا بێتەدی .

## فێرکردن بە ڕۆڵ بینین و شانۆ :

ئەم ڕێگایە یەکێکە لە ڕێگا زۆر دێرینەکان کە هەر لە کۆنەوە مرۆڤ ویستویەتی ئەو ڕوداوانەی کە لەوەو پێش بینیویەتی بە شێوەی شانۆیەك بەرجەستەی بکات یان هەندێ جار بەکارهێنراوە بۆ گێڕانەوەی هەندێك ڕوداو بە شێوەی شانۆ لە نێوان مرۆڤەکاندا یان لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵەکاندا ، وە هەندێ جار مرۆڤ تیایدا بەرگی ئاژەڵەکانی پۆشیوە بۆ زیاتر سەرەنج ڕاکێشان یان زیاتر نزیك بوون لە واقعەوە .

هەندێك جار لە ڕۆڵ بینیندا پێشبینی ڕوداوی داهاتووش دەکرێ وە سیناریۆیەکی بۆ دادەڕێژرێت کە چۆن ئەنجام بدرێت بە مەبەستی ڕاهێنان لەسەر پیشەیەك یان خویەکی دیاریکراو لە داهاتوودا وە پەرەپێدانی توانا کەسییەکان وە وەرگرتنی شارەزایی لەو بارەیەوە .

پ/ ئەم ڕێگایە زیاتر لەگەڵ چ جۆرە بابەتێکدا گونجاوە ؟

و/ لەگەڵ بابەتی ئینگلیزی و مێژوو و بواری پزیشکی و ئەدەبی کوردی و هەندێ بابەتی کیمیا و بایۆلۆجی و بواری دادوەری (یاسا) و لە شوێنەکانی پێگەیاندنی پۆلیس دەگونجێت . وە هەروەها لە بواری وەرزش کە یەکێك فێری ئەوە بکەی ببێتە ناوبژیوان یان لە بابەتی زانستەکان کە فێرخوازەکان فێر بکەی چۆن پارێزگاری لە دەم و ددانیان بکەن ، وە لەگەڵ منداڵ بۆ گەیاندنی شارەزاییەك یان زانیارییەك بەکاردێت . بە گشتی لەگەڵ پیشە دەگونجێ .

پ/ ئایا ئەم ڕێگایە زیاتر لەگەڵ چ تەمەنێكدا دەگونجێ ؟

و// تا ڕادەیەكی زۆر لەگەڵ هەموو تەمەنێكدا دەگونجێ بەڵام پشت دەبەستێ بە بابەتەكە و شێوازی پێشكەشكردنی ، وەك جگەرەكێشان لە پۆلی (٩)ی بنەڕەتیدا لە بابەتی بایۆلۆجی هەیە یان تلیاك كێشان كە دەكرێ بكرێت بە شانۆی بەرجەستە .

## شێوازی (هەنگاوەكانی) ئەنجام دانی :

١- دەبێت ناونیشانێك دابنرێت بۆ ڕۆڵ بینینەكە یان ئەو شانۆیەی پێشكەش دەكرێت .
٢- دەبێت ئەو ناونیشانە بگونجێ لەگەڵ بابەتی خوێندراو وە پەیڕەوی خوێندن .
٣- دەبێت پلانێك دابنرێت بۆ چۆنیەتی پێشكەشكردنی شانۆكە یان ڕۆڵ بینینەكە كە سیناریۆیەكی تۆكمە لەخۆ بگرێت .
٤- ڕاهێنان بە كارئەكتەرەكان بكرێت بە شێوەیەكی گونجاو .
٥- ڕەچاوی پێداویستییە ماددی و مرۆییەكان بكرێت .
٦- دەكرێت لە كاتی ڕۆڵ بینیندا فیدباكی پێویست پێشكەش بە كەسەكان بكرێت بۆ چاك كردنی ئاستی ئەنجام دانی لە داهاتوودا .
٧- دەكرێت لە داهاتوودا بە شێوەیەكی باشتر دووبارە بكرێتەوە وە ئەوانەی تیایدا بەشداری دەكەن ئەنجام دانەكەیان هەڵبسەنگێندرێت وە وەكو چالاكی بۆیان ئەژمار بكرێ لە ڕووی نمرە پێدانەوە .

## لایەنە ئیجابییەكانی ئەم ڕێگایە :

١- پێدانی شەوق و ڕەونەقێكی زیاتر بە پرۆسەی فێركردن .
٢- بەرجەستەكردنی ئەو بابەتەی كە دەتەوێت فێری فێرخوازەكانی بكەی .
٣- حەز و ئارەزووی فێرخواز زیاتر دەوروژێنێت بۆ گوێ گرتن بە تایبەتی ئەگەر شانۆكە سەرەنج ڕاكێش بێت .
٤- هەستكردن بە بێزاری لای فێرخواز كەمتر دەكاتەوە .
٥- دەبێتەهۆی ڕاهێنان لەسەر هەندێك كارامەیی ( لە كاتی ڕۆڵ بینیندا ) ، وە ئاستی ئەنجام دان بەرزتر دەكاتەوە .

## لایەنە سلبییەکانی ئەم ڕێگایە :

١- کاتی زیاتر دەخایەنێت بە بەراورد لەگەڵ ڕێگاکانی تر .

٢- هەندێ جار کێشە دروست دەبێت لە دابینکردنی کەلوپەل و کەرەستە مادییەکان .

٣- هەندێ جار گرفتی دەست نەکەوتنی کەسانی پێویست و گونجاو دێتەکایەوە بە مەبەستی ڕاهێنانیان .

٤- ئەگەر پێشکەشکردنی شانۆکە یان ڕۆڵ بینینەکە لە ئاستی پێویستدا نەبێ لەوانەیە ببێتە هۆی دروست بوونی بێزاری یان بە هەڵە تێگەیشتن لە بابەتەکە .

## فێربوون بە لاسایی کردنەوە (التعلم بالتقيد) :

١- لەم ڕێگایەدا مامۆستا هەڵدەستێت بە ئەنجام دانی کارێك یان کارامەیی یەك یان ووتنی بابەتێکی دیاریکراو .

٢- دەبێت لە لایەن فێرخوازەوە بە ووردی تێبینی بکرێت وە سەرەنج بدرێت .

٣- هەروەها دەبێت لە لایەن فێرخوازەوە لایەنە باشەکانی ئەنجام دانەکە وە لایەنە خراپەکانی هەست پێ بکات .

٤- هەلێك دەڕەخسێنرێ بۆ فێرخواز بۆ لاسایی کردنەوەی ئەوەی کە مامۆستا ئەنجامی داوە . وە دەکرێت لە لایەن مامۆستاوە لایەنە باش و خراپەکانی بۆ دەستنیشان بکرێ .

٥- دەکرێت هەل بڕەخسێنرێ بۆ دووبارە کردنەوەی .

## هەندێك ڕێگای نوێ بۆ وانەووتنەوە :

١- جانتای فێربوون

٢- فێرکردنی پرۆگرامدار

٣- فێرکردن بە یارمەتی کۆمپیوتەر

٤- فێربوون بە نامە گۆڕینەوە ( Email )

٥- فێربوون بە ئینتەرنێت

٦- فێربوون بە ڕاهێنان

٧- سوڕی فێربوون